دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٧١٣، سێشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢١ی نوامبری ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

پۆلێکی دیکە لە لاوانی دەروەستی کورد پەیوەست بە ڕیزەکانی شۆڕش بوون ٣

ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەی کوردستان ٤

حیزبی دیموکرات: نەتەوەی کورد لە کارەساتدا، حەماسەیان خوڵقاند ٥


ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات ٤


لە خەبات دژ بە ئاپارتایدەوە بۆ ڕاسان ٦


شایی و شینمان لەگەڵتان نیە ٨


دانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و.... ٩

# حەماسەی ساڕێژکەری زامەکان




ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی کرماشان، بوومەلەرزەیەک لە ئەزگەڵەی سەربە سەرپێڵی زەهاو ڕووی دا کە گەورەیی و بەهێزیی ئەو بوومەلەرزەیە بە ڕادەیەک بوو کە چەندین وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش هەستی پێ کرد.

چەقی ئەو بوومەلەرزەیە لە سەرپێڵی زەهاو بوو کە لەو ناوچەیە وێرانییەکی یەکجار زۆری دروست کرد و لە چەندین شاری دەوروبەریش وەکوو ئیلام و کرماشان و جوانڕۆ و شاباد و قەسری شیرین و کرند و سەلاس و ... خەساری مادی و گیانیی بەدواوە بوو.

هەر لە یەکەم ساتەکانی پاش ڕووداوەکە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دووتوێی ڕاگەیەندراوێکدا وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو بوومەلەرزەیە، داوای لە هەموو هاونیشتمانیانی کورد کرد کە لەم کارەساتە گەورەیەدا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ یارمەتیدەری قوربانیان و ماڵوێرانکراوەکان بن و هیوای خواست کە کارەساتەکان هەستی پێکەوەبوون و هاوسۆزیی نەتەوەییمان بەرزتر بکەنەوە.

لە بەرامبەریشدا دوابەدوای ڕوودانی ئەم کارەساتە بەرپرسانی ڕێژیم دەستیان کرد بە دروشم دانی وەک یارمەتیدانی خەڵک، نۆژەنکردنەوەی ناوچەکان و لەم ڕاستایەشدا بەشێک لە بەرپرسانی حکومەتی بۆ ناوچە بوومەلەرزەلیدراوەکان سەفەریان کرد؛ هەڵبەت نەک سەفەرێک کە بۆ خزمەت بە لێقەوماوان بێت بەڵکوو سەفەرکردن بۆ ڕابواردن و کات بەسەربردن.

وەک دەرکەوت بەشێک لەم بەناو نوێنەر و بەرپرسانە لە کاتێکدا کە گەلی کورد بەگشتی و لێقەوماوانی ڕووداوەکە بەتایبەتی خەم و پەژارە بەسەریاندا زاڵ ببوو و زامی گیان لەدەستدانی ئازیزانیان ئازاری دەدان، نوێنەرانی حکومەتی "عدل و داد" وێنەی سێلفییان دەکێشا و بە وەڕێخستنی گردبوونەوە دەستیان کرد بە دروشمدان و درۆکردن.

لەلایەکی دیکەشەوە لەباتی گەیاندنی پێداویستییەکانی ژیان و سازکردنی گرووپی تایبەت بۆ زاڵبوون بەسەر قەیرانەکە و تەرخان کردنی بودجەی تایبەت تاکوو بەشێک لە ئازاری زیانوێکەوتووان سارێژ ببێتەوە بینیمان کە سیستمی دژەکوردی ویلایەتی فەقیهی ناخی پڕ لە قینی خۆی دەرخستەوە و ڕێگری کرد لە گەیاندنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکانی خوشک و برا کوردەکانی لێقەوماوان.

گاڵتەجاڕتر لەوەش ئەوە بوو کە بانکەکانی حکومەت بە "ئێس‌ئێم‌ئێس" خەڵکی لێقەوماوی پارێزگای کرماشانیان ئاگادار کردەوە کە دەبێ قەرزەکانی مەسکەنی مێهر بدەنەوە؛ مەسکەنی مێهرێک کە بۆخۆی یەکێک بوو لە هۆکارەکانی زۆر بوونی ڕێژەی قوربانییەکان.

هەر بەهۆی ئەم کەمتەرخەمییانەوە لەڕاستای دابین‌نەکردنی سەرپەنا و کەلوپەلی گەرمکەرەوە و دەوا و دەرمانی پزیشکی، چەندین هاووڵاتی لە ئێزگڵە و دەشتی زەهاو و سەلاسی باوەجانی، ئەگەرچی لە کارەساتی بوومەلەرزەکە ڕزگاریان ببوو تووشی بەڵای کۆماری ئیسلامی بوون و تەنیا بە تاوانی کوردبوون، گیانیان لەدەستدا.

بەڵام ئەم هەوڵانەی ڕێژیم سەریان نەگرت و گەل بڕیاری کۆتایی خۆی دا؛ هەر لەیەکەم ساتەکانی پاش بوومەلەرزەکە شارەکانی کرماشان، سنە، سەقز، مەهاباد، بۆکان، مەریوان، بانە، کامیاران، ورمێ و چەندین شار و شارۆچکە و گوندی دیکەی کوردستان قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵی و ورد و درشت سەرقاڵی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ لێقەوماوان و یارمەتی گەیاندن بە بەجێماوانی ئەو کارەساتە بوون کە وەک مەزندە دەکرێ خۆی لە دەیان تۆن خۆراک و جلوبەرگ و دەرمان و پێداویستی ڕۆژانە دەبینێتەوە.

بوومەلەرزە سامناکەکەی شەوی یەکشەممە لە پارێزگای کرماشان کە بەهۆیەوە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس بریندار بوون و سەدان کەسیش گیانیان لەدەستدا، بووە هۆی ئەوەیکە گەلی کورد جارێکی دیکە بیسەلمێنێ کە پشتوپەنای یەکترن.

لووتکەی ئەم هەڵوێستە نەتەوەیی و ئینسانی و نیشتمانییە ئەو کاتە بوو کە لە کاتی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە نەتەوەییە و لە سەروبەندی کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی لێقەوماودا ڕووداوێکی دڵتەزێنی دیکە ڕوویدا کە خەڵک لەوەش حەماسەیان دروست کرد. هاووڵاتیەکی خەڵکی بووکان بە ناوی "ئەبووبەکر مەعرووفی" لەکاتی گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی سەلاس و سەرپێڵدا لە ڕووداوی وەرگەڕانی ماشێندا گیانی لەدەست دا.

هەر لە شوێنی ڕووداوەکەوە شار بە شار و گوند بە گوندی کوردستان لەسەر ڕێگا پێشوازییان لە تەرمی ئەو هاووڵاتییە کرد و لە هەموو شوێنەکاندا بە هەزاران کەس بە پێشوازی کاروانی هاوڕێی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفیەوە چوون و لە هەموو شوێنێکدا بە دروشمی نەتەوەیی و بە پلاکاردی هەڵگری دروشمی شۆڕشگێڕانەوە، ئەبووبەکریان بە شەهیدی کوردستان پێناسە کرد و تەرمی شەهید بوو بە ئاڵای نیشتمانێک کە خەڵکەکەی هەموو پیلان و گەمارۆی دوژمنیان بەزاند و دووبارە بە حەماسەوە ئیرادەی بەرزی نەتەوەیی خۆیان سەلماندەوە. پێشوازی لەو تەرمە کە دەگەڕایەوە زێدی خۆی پێشوازییەکی نەتەوەیی و بە دەیان و سەدان هەزار کەسی بوو و ناشتنیشی لە زێدی خۆی لە بۆکان وێڕای هەموو گوشار و پیلانەکانی ڕێژیم، بەرێکردنێکی هەزاران کەسی بوو کە دووبارە نیشانیان دایەوە و سەلماندیانەوە کە ئەم نەتەوەیە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستەکانی وشیاری و بوێریی نەتەوەیی.

ئەم حەماسە مێژووییە ڕاگەیەندراوێکی دیکەی دەفتەری سیاسی حیزبی بەدوای خۆیدا هێنا کە تییدا هاتووە:" دەفتەری سیاسی سوپاس وپێزانینێکی تایبەت بە هەموو چین و توێژ و گرووپەکانی کۆمەڵگای کوردستان، نەتەوەی بەورە و چاوکراوە و لەسەرهەستی کورد دەکا کە کارەسات بە دوای کارەسات و ڕووداوی ناخۆش بە دوای ڕووداوی ناخۆش کە بەسەریاندا هاتووە، بەوپەڕی ورە و ئیرادەوە پێکەوە بوون و بە یەکڕیزی و هاوسۆزی و هاوپێوەندیی مرۆیی و نەتەوەییان حەماسەیان خولقاندۆتەوە و نەتەنیا جیهانیان سەرسامی ئیرادەی خۆیان کردووە بەڵکوو وانەکانی پێکەوەبوونیان بە گوێی تێکۆشەرانی خۆشیان گەیاندووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شایی بە وەها نەتەوەیەکەوە دەکا و لەبەرامبەر ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی پاک و بێگەردی مافخوازییاندا سەری ڕێز دادەنوێنێ."

پەیڤ

## بوومەلەرزەی سیاسی

کەریم پەرویزی

لەو شەوەدا کە بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە بن عەرزەوە، لە کوردستانی دا و چەندین شاری کوردستان لە پارێزگای کرماشان تووشی کارەسات بوون، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وایدەزانی لەو بەڵایە دوورە، بەڵام زۆری نەخایاند کە بوومەلەرزەیەکی سیاسی سەرتاپای ڕێژیمی وەلەرزە خست.

ساڵانێکی دوور و درێژە کە ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، بە بیانوو و بە پیلانی جۆربەجۆرەوە ویستوویە کوردستان وێران و نەتەوەی کورد لەتوپەت و پەرتەوازە بکا. پێویست بەوە ناکا دووبارە بەوردی ئامارەکانی بێکاری و دۆخی نالەباری ئابووری و هەژاری و ڕادەی دواکەوتوویی و خراپی ژیان لە پارێزگاکانی کوردستان بخوێنینەوە، بەڵکوو ڕۆژانە لە ژیانی واقیعیی خەڵکی کوردستاندا ئەوپەڕی لەهەژاری هێشتنەوەی کوردستان بە هەموو پارێزگاکانیەوە دەبینین.

هەر لەو کاتەشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە ناوی جۆربەجۆرەوە هەوڵی داوە کە کوردستان و کورد پەرتەوازە بخا و ماڵێکی لێکترازاو و نەتەوەیەکی لێکدابڕاوی لێ سازبکا تاکوو بۆ هەتاهەتایە دەستەمۆی بێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دامودەزگا ئیتلاعاتی و بەناو فەرهەنگی و ئەمنیەتییەکانی هەوڵیان داوە کە هەمەرەنگیی زاراوە و بنزاراوە و فرەچەشنیی ناوچە جیاجیاکانی کورد و کوردستان بکەنە دەسمایەی لێکترازانی کورد. هەروەها فرە ئایینی و فرە ئایینزایی و فرە وردە کەلتووری لە نێو نەتەوەی کورددا بکەنە هەوێنی دووبەرەکی و چەندبەرەکی و سیاسەتی دوژمنایەتی پێکهێنان لە نێو نەتەوەی کوردیان پێڕەو کردووە تاکوو بە پەرتکردن بەسەریدا زاڵ بن.

ئەمە لەلایەک و لەولاشەوە سیاسەتی دیکەیان ئەوە بووە کە هەرچەند دامودەزگای داپڵۆسێنەر و سەرکوتکەریان هەبووە، بەڵام بە چەواشەکاری لە نێو بیروڕای خەڵکی ئێران و لە نێو جیهاندا وا نیشان بدەن کە ئەم ڕێژیمە پێگەی خەڵکیی هەیە و بە هەموو گرفت و کێشەکانەوە خەڵکانی ئێران هێشتا ئەم ڕێژیمەیان پێ باشترە تا ئاڵتێرناتیڤی دیکە!

کە بوومەلەرزە لە کرماشانی دا، ڕێژیم چاوەڕێ بوو کە ئەو بوومەلەرزە کورد زۆرتر وێران و چاولەدەست بکا و بەهانای خەڵکی لێقەوماوە نەچوو و لەولاشەوە وایدەزانی پیلانەکانی گرتوویە و شارەکانی دیکەی کوردستان دەڵێن جا

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات و کەجەکە پێکەوە کۆ بوونەوە



لە دانیشتنی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران و کۆما جڤاکێن کوردستان لە سەر چەندین خاڵی گرینگ گفتوگۆیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی کەجەکە، بە سەپەرەستی "ڕەزا ئاڵتون" ئەندامی کۆنسەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان (KCK) و چەند ئەندامێکی‌تری ڕێبەری سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری سلێمانی کرد و لە لایەن شاندێکی ڕێبەری حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستی "محەممەد نەزیف قادری" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا هەر دوو لایەن ڕوانگە و بۆچوونی سیاسیی خۆیان لە سەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژ و مەترسییەکانی سەر جووڵانەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان خستەڕوو.

لەو دانیشتنەدا باس لە کۆدەنگی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە و هەروەها لووتبەرزی نابەجێی ئەوان لە دوای ئاڵوگۆڕەکانی دوای ڕیفراندۆم و هێرش بۆ سەر کوردستان کرد کە دەبێ خوێندنەوەی دروستی بۆ بکرێت و هەر کام لە هێزە بەرپرسەکانی کوردستان هانی هێزە سیاسییەکانی باشوور بدەن بە کۆدەنگی و یەک هەڵوێستی و دوور بکەونەوە لە تۆمەت بەخشینەوە و تاوانبار کردنی یەکتر و ڕێگا نەدەن کاریگەری نەرێنی لە سەر جووڵانەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەش دابنێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو دانیشتنەدا ڕۆڵی هەر کام لە هاوپەیمانان و ململانێی سەختی سیاسی و ئیدئۆلۆژی لە ناوچەکە و دەوری ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی کەوتە بەرباس و پێویستی لێک نزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بە پێویست زانرا.

دوای باسی چەندین خاڵی جێگای سەرنج بۆ هەردوو هێزی دوو بەشی سەرەکی باکووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە کەجەکە و حیزبی دێموکرات جەخت لە کۆبوونەوەی زیاتر و هەماهەنگی پێویست لە سەرجەم بوارەکان بەتایبەت بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی نەیارانی کوردستان کرایەوە.

# حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کۆمەڵێک پرسی گرینگیان تاوتوێ کرد




شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کۆ بوونەوە و کۆمەڵێک پرسی گرینگیان تایبەت بە کورد و ناوچەکە تاوتوێ کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستی "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات سەردانی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن "عەبدوڵڵا موهتەدی" سکرتێری گشتی کۆمەڵە و شاندێکی ئەو حیزبەوە پێشوازیان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا دوو حیزبی هاوپەیمان کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردیان و لێکدانەوەی سیاسیان هێنایە بەر باس.

هەروەها دەستێوەردانە ئاشکراکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری ناوچەکە و وڵاتانی دەوروبەر و چۆڵ کردنی مەیدان بۆ میلیشا سەرەڕۆکانی سەر بە ڕێژیم و لەوەش گرینگتر بیری چەقبەستووی کۆماری ئیسلامی بووەتە هۆی ئەوەیکە کۆدەنگییەک لە لایەن وڵاتانی عەرەبی و هاوپەیمانان دروست بێت بۆ ئەوەی چیتر دەرفەت بە کۆماری ئیسلامی نەدرێت ئاوا بێ‌پەردە دۆخی ناوچەکە بشوێنێت.

لە تەوەرێکی دیکەی قسەکانیاندا باسیان لە پێویستی هەرچی زیاتر نزیک بوونەوەی هێز و لایەنە سیاسییەکان کرد کە وەک ئەرکی هەر کام لە هێزەکان دانرا.

سەبارەت بە دۆخی ئاڵۆزی باشووری کوردستان و بوونی مەترسی لە سەر تێکۆشەرانی سیاسی جەخت کرایەوە کە لە سەرجەم بوارەکانی دیپلۆماسی، نیزامی و ئەمنییەتی هەماهەنگی تەواو بکرێت و بە یەکەوە بەرانبەر بە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بوەستن.

دوای دیاری کردنی ڕێوشوێنی پێویست لە سەرجەم بوارەکاندا کۆبوونەوەکە کۆتایی پێ هات.

# سکرتێری گشتیی حیزب بەشداریی لە چلەی مام جەلال لە زانکۆی کۆیە کرد




وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی سکرتێری گشتیی حیزب بەشدارییان لە ڕێورەسمی چلەی مام جەلال لە زانکۆی کۆیەدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی بەرامبەر لەگەڵ ١٢ی نۆڤامبری ٢٠١٧ی زایینی، ڕێورەسمێک بۆ چلەی مام جەلال لە زانکۆی کۆیە گیرا. ئەو ڕێورەسمە لە لایەن سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە لە هۆڵی بۆنەکانی سەرۆکایەتی بەڕێوە چوو.

وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لەو ڕێورەسمەدا بەشدار بوون.

لەو ڕێورەسمەدا پرۆفیسۆر وەلید سەرۆکی زانکۆی کۆیە و بەڕێز رابەری سەید برایم، بەرپرسی مەڵبەندی یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆیە و بەڕێز شیخ سەلاح سەبارەت بە کەسایەتیی مام جەلال قسەیان کرد.

لەو ڕێورسەمی چلەیەدا چەند کورتە ڤیدیۆش نمایش کران کە ڕۆڵی خوالێخۆشبوو مام جەلالیان لە دامەزرانی زانکۆی کۆیە بۆ بەشداران نیشان دا.

# یادی لەدایک بوونی فەرماندە سەرکەوت لە ژاوەرۆ بەڕێوەچوو



لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، بەبۆنەی ٣٦ەمین ساڵیادی لەدایکبوونی شەهیدی فەرماندە "سەرکەوت سەمەدی" ڕێوڕەسمێکیان بەڕێوەبرد.

شەوی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٧ لەسەر ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی پۆلێک لە لاوانی دەروەست و شۆڕشگێڕی کوردستان لە گوندی تەنگیسەری هەمیشە دێموکرات، لە ژاوەرۆی سنە بەبۆنەی ساڵیادی لەدایک بوونی شەهیدی قارەمان، فەرماندە سەرکەوت سەمەدی ڕێوڕەسمێکی بەشکۆیان بەڕێوەبرد.

لەم یادکردنەوەدا ڕێبوارانی ڕێبازی ئازادی وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی جەنگاوەری خۆرەتاو، فەرماندەی بەوەجی دێموکرات و ڕێبوارە ڕاستەقینەکەی ڕێبازی شەهیدان، کاک سەرکەوت سەمەدی پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازەکەی نوێ کردەوە و بەڵێنیان دا تا سەر وەفادار بە ئارمان و ئارمانجەکانی حیزبەکەی شەهید سەرکەوت بمێننەوە.

شەهید "سەرکەوت سەمەدی" کوڕی "یونس" ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە گوندی "سەرومالێ" سەولاوا لە نێو بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی کوردپەروەر لە دایک بوو؛ ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی هاتە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پاش تێپەرکردنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کاروتێکۆشانی لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی حیزب دەست پێکرد کە لەو پێوەندییەدا چەندجار بەهۆی کار و چالاکی بەرچاو ڕێزی لێگیرا. کاک سەرکەوت بەهۆی چوونە سەری پلەی زانیاری سیاسی و تێگەیشتنی تەواو لە مێژوو و بەرنامە و ئامانجەکانی حیزبەکەی لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاویدا ڕەوانەی دەورەی کادری سیاسی کرا و پاش تێپەرکردنی دەورەی سیاسی و سەرکەوتن لەم قۆناغەی خەبات پلەی کادری پێ بەخشرا و وەک ماملۆستایەکی بەئەزموون و لێزان سەرقاڵی وانەوتنەوە بە فێرخوازانی دەورەی سەرەتایی پیشمەرگە بوو.

شەهید سەرکەوت لە ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی بەهۆی کارامەیی و شارەزاییەکانی ڕەوانەی دەورەی سیاسی کادری دەرەجە ٣ کرا و توانی سەرکەوتوانی لە تاقیکارییەکاندا سەرکوێت و پلەی کادری دەرجە ٣ی وەرگرت؛ لەمەودوا بەرپرسایەتی جێگری بەرپرسی فێرگەی سیاسی نیزامی حیزبی وەئەستۆ گرت و توانی لێوەشاوەیی خۆی لەم بوارەشدا بە کردەوە بسەلمێنێ. پاش دامەزراندنی هێزی تایبەتی حیزب و جێگیربوونیان لە سنوورەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی ئەرکی جێگری فەرماندەی گشتی هێزی تایبەتی لە ئەستۆ گرت و توانی وەک کادرێکی لێهاتوو، فەرماندەیی هێزەکانی بەردەستی بکات و وەک پێشمەرگەیەکی خاکەڕا سازماندێهی لکەکانی بەردەستی بکات.

لە نەورۆزی ساڵی ٩٥ی هەتاویدا کە حیزبی دێموکرات بڕیاری شۆڕشی نوێی ڕۆژهەڵاتی دەرکرد و مزگێنی دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە خەباتی بە گەلی بندەستی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا شەهید سەرکەوت بە شاگەشکەییەوە بەرەوپیری ئەم قۆناغە نوێیە لە خەبات چوو و لەگەڵ یەکەم تیمەکانی پێشمەرگە ڕێگەی پڕ کەند و لەندی گرتەبەر و پاش شادبوونەوە بە خەڵکی کوردستان و ئەنجامدانی چەندین مەئموورییەتی گرینگ بە سڵامەت گەڕایەوە لای هاوسەنگەرانی لە شاخەکانی کوردستان؛ تەنیا چەند ڕۆژ پاش گەڕانەوەی لەم سەفەرە دیسانەوە پریاسکەی پڕلە هیوای سەفەرە بێ گەڕانەوەکەی لەکۆڵ نا و وەک خاکی پۆشێکی جامانە لەمل بە هەزار خۆزگە و ئاواتی بەرزی مرۆڤتەوەرانە گەڕایەوە بۆ باوەشی دایکی نیشتمان بەڵام بەداخەوە ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی وێڕای هاوڕێی ڕۆژانی تەنیایی و شەوانی بێدەنگی کاوەی باڵابەرز دواناڕنجۆکی دەستیان تەقاندەوە و حەماسەیەکی لەبیرنەکراوەیان لە مێژووی گەل و حیزبەکەیاندا تۆمار کرد؛ شەهید بوو بەڵام وانەکانی ئێستاش لە گوێ و دڵ و هزر و بیری ڕێبوارانی ڕێگاکەیان دەزرینگێتەوە؛ وانەکانی مافویستی و خۆنەویستی، خاکەڕابوون، ئەمەگناسی و وەفاداری و لەهەموان گرینگتر کۆڵنەدان و بەرخودان.

# خۆشکی شەهید دوکتور شەرەفکەندی کۆچی دوایی کرد



زەینەب خانمی شەرەفکەندی" لە شاری مەهابادماڵئاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، "زەینەب خانمی شەرەفکەندی" خۆشکی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی ناسراو بە مامۆستا "هەژار" نووسەر، وەرگێڕ، لێکۆڵەر و شاعێری نەتەوەی کورد لە شاری مەهاباد بۆ هەمیشە دڵی لە لێدان کەوت.

ناوبراو ژنێکی بە ئیرادە و ئیمان، خاوەن هەستێکی نەتەوەیی بەرز و جێگای متمانەی خەڵک بوو. تەرمی زەینەب خانم لە خانەقای شێخی بورهان، لە پەنا گڵکۆی باب و باپیرانی لە نێو ئاپۆرای خەڵکی شاری مەهاباد بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی دەروەستی کورد پەیوەست بە ڕیزەکانی شۆڕش بوون




دەورەی ٢٢٧ی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێهات و جێژنی پەیوەست بوونی پۆلێکی نوێ لە لاوانی ڕۆژهەڵات بە ڕیزەکانی شۆڕش لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوەچوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی پۆلێک لە کیژان و کوڕانی دەروەستی کورد پاش تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی بەفەرمی بوونە پێشمەرگە و چەکی بەرگری لە کەرامەتی نەتەوەکەیان لە شان کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پیکرد.

لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە ئامادەبوونی چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب و بەشێک لە پیشمەرگەکانی هێزی تایبەت و بنەماڵەی شەهیدانی ڕاسان لە شاخەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکیان پیشکەش کرد.

ناوبراو لە سەرەتای قسەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی کردن لە لاوانی تازەپەیوەستبوو بە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان باسی لە نەخش و شوێندانەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە درێژایی مێژوویی گەلەکەمان و ئەرکی گرینگ و هەستیاری مێژووییان کرد و وتی: هۆکاری هەڵگرتنی چەک لەلایەن پێشمەرگەوە نەک شەڕفرۆشتن و ئاژاوەگێڕی بەڵکوو هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوەی گەل و نیشتمان لە ئاژاوە و شەڕی داسەپاو.

ڕوو لە بەشداربووانی دەورەش وتی: کات کاتی کردەوە؛ کاتی ئەوەیە کە ئەو وانانەی لە فێرگەی حیزبدا فێری بوون بەکردەیی بکەن و لە کردەوەدا بینوێنن.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیشیدا وتی: ئیوە وەک پێشمەرگەیەکی خاوەنهەست کە لەم قوتابخانەدا بار هاتوون دەبێ ببنە پێشمەرگەیەک کە بە ئیرادەی بەچۆکدانەهاتوو خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەتان بکەن و کاتێک دەچنە نێو کۆمەڵگا، هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەگەڵ وانەکانی شۆڕش و بەرخودان ئاشنا بکەن.

پاش وتەکانی بەڕێز کەریم پەرویزی، چەندین سروودی شۆڕشگێڕانی و شێعر و هەڵبەست و هەروەها پەیامەکانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە و دەورەی ئاموزشی دەورە پیشکەش بە بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.

لە کۆتایی ئەم بڕگەیەشدا لەلایەن هاوژینی شەهیدان کەماڵ خزری و لوقمان شێخانی کە لە حەماسەی لەبیرنەکراوی قەرەسەقەڵدا گیانیان بەختی ئازادی نیشتمان کرد، خەڵات بە سەر سەرکەوتووانی دەورەی ٢٢٧ دابەش کرا.

# تەرمی شەهیدی کوردستان لە نێو ئاپۆرای خەڵک بەخاک ئەسپێردرا



دوای گەڕانەوەی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفی لە سەلاسەوە بەرەو بۆکان، دەیان هەزار خەڵک بە پێشوازییەوە چوون.

هاووڵاتیی بۆکانی، ئەبووبەکر مەعرووفی، بۆ گەیاندنی یارمەتی چووبووە شوێنی بوومەلەرزەی ئەم دواییەی کرماشان و بەداخەوە بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆ گیانی لەدەست دا.

تەرمی هاووڵاتی ئەبووبەکر، بە پێشوازیی دەیان هەزار کەسی لە شارەکانی کوردستان تێپەڕ بوو و لە هەموو شار و گوندەکان بەوپەڕی شکۆیەوە تەرمەکەیان بەڕێ کرد.

پێشوازیی دەیان هەزار کەس لە مەسیری گەڕانەوەی تەرمی ناوبراو، هەم سەرسووڕمانی ڕێژیمی بەدواوە بوو و هەم وەکوو ڕووداوێکی جێگای بایەخ، بوو بە هەڵوێستێکی نەتەوەیی.

هێزەکانی ڕێژیم چەندین جار هەوڵی بەلاڕێدا بردنی ڕووداوەکە و دزینی تەرمەکە و هەڕەشەکردن لە خەڵکیان دا، بەڵام خەڵکی هەموو شارەکان وەکوو شەهیدێکی کوردستان پێشوازییان لێ کرد و بەدروشمی نەتەوەییەوە کاروانی تەرمی شەهیدی کوردستانیان بەڕێ کرد.

لە دوایین قۆناغیشدا دەزگا ئیتلاعاتیەکانی ڕێژیم ویستیان لە بۆکان بەگوشارهێنان بۆ بنەماڵەی مەعرووفی، بە بێدەنگی تەرمەکەی وەربگرن و بینێژن، بەڵام هەزاران هاووڵاتیی کوردستانی لە سەر مەزارەکەی کۆبوونەوە و بە شکۆیەوە و بە دروشمی نەتەوەیی، تەرمی شەهیدی کوردستانیان بە خاکی کوردستان ئەسپارد.

# هەوڵێکی نوێی ڕێژیم بۆ چەواشەکردنی بیروڕای گشتی



کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەوڵێکی نوێی دیکەدا بەتەمای بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و شێواندن و چەواشەکردنی ڕووداوە مێژووییەکانی کوردستانە.

لە چوارچێوەی شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامیدا و بە سەرپەرشتی وەزارەتی ئیتلاعات و ناوەندە ئەمنیەتی و سیخوڕییەکانی ڕێژیم، دەزگای دەنگ و ڕەنگ لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین بەرنامەی بەناو دێکیۆمێنتاریان بڵاو کردۆتەوە کە تێیدا هەوڵ بۆ خەوشدارکردنی سیمای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و شێواندنی مێژووی هاوچەرخی کوردستان دراوە.

کاناڵی "مستند" سەر بە ئیدارەی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم بە بڵاوکردنەوەی زنجیرە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی لەژێر ناوی "پیشمرگان" وێڕای ئاوڕدانەوە لە ڕووداوەکانی پێش و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، لە ڕێگەی کۆمەڵێک تاکی نەفسنزمی خۆشخزمەت بە ڕێژیم کە کەسایەتی دزێویان بۆ خەڵک بەتەواوەتی ڕوونە، هەوڵی شێواندنی ڕاستییە مێژووییەکان و هەروەها خۆبەریکردن لە تاوان و جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە گەلی کوردیان داوە.

لەم زنجیرە بەرنامە پڕاوپڕ لە درۆ و دەلەسەیە، کە ئەوپەڕی ڕق و قینی ئامادەکارانی بەرنامەکە دژ بە گەلی کوردی پێوە دیارە، لە ڕێگەی کەسانێکی وەک فایق فەرەجی، ڕەحیم ئەحمەدی، خەلیل ڕەزایی، واحید ئەسعەدی و چەندین چەکهەڵگری دیکەی ڕێژیم هەوڵ بۆ شێواندنی کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و ڕەوتی خەباتی مافخوازانەی گەلەکەمان دراوە.

هەروەها لە دووتوێی بەرنامەیەکی دیکەی هاوشێوە لەژێر ناوی (بر بلندای صخرەها) کە باس لە ژیانی پاسداری بەدناوی ڕێژیم "سەمەد بوستانی" دەکات، هەوڵ دراوە لە ڕێگەی کەسانێکی ناوزڕاوی وەک "بەیتوڵا دادخا" قارەمانسازییەکی درۆیین لە ناوبراو و هاوپیاڵەکانی بخرێتە بەرچاوی بینەر و لە هەمان کاتیشدا هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان وەک لایەنێکی بەستراوە بە بێگانە و دژ بە ئازادی و بەرەی ئاژاوەچی بناسێنێت.

پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم پاسدارە جینایەتکارەی ڕێژیم لە تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆیدا و لە چوارچێوەی خۆشخزمەتییەکانی بە ڕێژیم چەندین گەنج و لاوی کوردی بەهۆی ئازادیخوازی ڕەوانەی ڕەشچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کرد و دواجار ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی لە جەریانی حەماسەی لەبیرنەکراوی قەرەسەقەڵی شنۆ کوژرا.

ئەوەیکە ڕوونە ڕێژیمی دژەکوردی تاران لە هەموو تواناییەک بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی گەلانی ئێران دژ بە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان کەڵک وەردەگرێ؛ پێشتریش هەوڵی لەم چەشنە دراوە کە ئامانجەکەی لە ڕاستیدا شێواندنی مێژوو و چەشنێک لە شەڕی نەرم بووە بۆ بەردەنگی غەیری کورد تاکوو لەم ڕێگەیەوە پاساو بۆ جینایەتەکانی خۆیان لە ڕابردوو و لە ئێستادا بهێننەوە و ڕەواییەکی، هەرچەند کاتی، بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

## درێژەی پەیڤ

بە ئێمە چی؟ با کەلهوڕ و یارسان و شیعەکان تێدا بچن!

بەڵام هەمووی چەند کاتژمێری نەخایاند کە بوومەلەرزەیەکی سیاسی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی دا، ئەویش بومەلەرزەی خەڵکی کورد بوو. نەتەوەی کورد بە هەموو توانای نەتەوەییەوە هاتنە گۆڕەپانی کردەوە و یارمەتییان بۆ هاونەتەوەییەکانیان لە شار و گوندە بوومەلەرزە لێدراوەکان کۆکردەوە و نیشتمانی برینداریان سارێژ دەکردەوە.

هەر لەو ئاراستەیشدا چ لە نێو نەتەوەی کورد و چ لە شوێنەکانی دیکە لە ئێراندا، خەڵک یارمەتیەکانیان بە دامودەزگاکانی ڕێژیم نەدەدا و بە ڕاشکاوی پێیان دەوتن کە بڕوامان پێتان نییە و ئێوە یارمەتییەکان دەدزن و بۆ شتی دیکەی بەکار دێنن!

بوومەلەرزەی سروشتی لە کرماشانی ناوەندی کوردستانی دا و قوربانیی گرت و وێرانیی بە دوادا هات، کە سارێژکردنەوەی ئەو برینانەی نیشتمانی کوردستان زۆر دژوار نییە و کوردستان بەهێزتر لە جاران دەبێ، بەڵام بوومەلەرزەی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی دا و هەم پیلانی چەندین ساڵەی پووچەڵ کرایەوە و نەتەوەی کورد وەکوو یەک نەتەوە هاتە گۆڕەپانەکەو هەم هەموو چەواشەکارییەکانی ڕێژیم بوونە بڵقی سەرئاو و خەڵک نیشانیان دا کە ئەم ڕێژیمە نەک هیچ پێگەیەکی لە نێو کۆمەڵگادا نەماوە، بەڵکوو تەنانەت ئەوەندشیان بڕوا پێی نییە کە جووتە پێڵاوێک بدەنە دەست دامودەزگاکانی ڕێژیم و خۆیان ملی ڕێگایان دەگرتە بەر تاکوو پێویستیان بە ڕێژیم نەبێ. ئەم بوومەلەرزە سیاسییە درزەکانی ڕێژیم قووڵتر دەکا. چارەنووسی ڕێژیم وەکوو مەسکەنی مێهرەکانی دەبێ و بەرگەی بوومەلەرزەی دیکە ناگرن.

# ڕێژیم یارمەتییەکانی خەڵک بۆ خۆی دەبات

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە درێژەی بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی خەڵک دەست لە یارمەتییەکانی خەڵکیش ناپارێزن و دەستی بەسەر دادەگرن.

کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یارمەتی و هاوکارییەکانی خەڵک کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ لێقەومانی بوومەلەرزەی کرماشان کۆ کراوەتەوە دەستی بەسەر دادەگرن و بۆ خۆیانی دەبەن. ئەو کردەوە نامرۆڤانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کاتێک دایە کە خەڵکی کوردستان لە بواری ژیان و دۆخی ئابوورییەوە لە دۆخێکی نالەباردا ژیان دەکەن و بژیوی ژیانیان بە سەختی دابین دەکەن.

هەروەها بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران لە لایەن ئیدارەی هیلالی ئەحمەرەوە ئەو یارمەتی و شتومەکەی کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشان کۆ بووەتەوە ڕادەستی خەڵکی ناکەن و بۆ گرووپەکانی سەر بە خۆیان وەک حیزبوڵڵای لوبنان، حەشدی شەعبی و لایەنە توندڕەوکانی دیکە دەنێرن و یارمەتی بەو گرووپە تێرۆریستیانە دەدەن.

هەر بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان بە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم هیچ هاوکاری خەڵک ناکات، هاووڵاتییان تووشی سەرلێشێواوی بوونە و ڕەوتی یارمەتی گەیاندن بە خەڵکی لێقەوماو نالەبارە و زۆربەی خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو پێویستیان بە نان و ئاو هەیە کە ڕێژیم هیچ هەنگاوێکی بۆ چارەسەریی کێشەکان هەڵنەگرتووە. دانیشتوانی ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان نارەزایەتی خۆیان لە هەمبەر هاوکاریی نەکردنی ڕێژیمی ئێران دەربڕیوە و خەڵک داوای ئاوی خواردنەوە، خۆراک، جلوبەرگی گەرم، خێوەت، شیری وشک و شتومەکی دیکەیان کردووە.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەی کوردستان




دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بوومەلەرزەی ڕۆژی یەکشەممەی کوردستان ڕوو لە خەڵکی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

کارەساتی بوومەلەرزە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانی هەژاند

هاونیشتمانیانی بەڕێز،

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان،

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢١ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی کاتژمێر ١٠ی شەو بە کاتی کرماشان، بوومەلەرزەیەک لە ئەزگەڵەی سەربە سەرپێڵی زەهاو ڕووی دا کە گەورەیی و بەهێزیی ئەو بوومەلەرزەیە بە ڕادەیەک بوو کە چەندین وڵاتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش هەستی پێ کرد.

چەقی ئەو بوومەلەرەزەیە لە سەرپێڵی زەهاو بوو کە لەو ناوچەیە وێرانییەکی یەکجار زۆری دروست کرد و لە چەندین شاری دەوروبەریش وەکوو ئیلام و کرماشان و جوانڕۆ و شاباد و قەسری شیرین و کرند و سەلاس و ... خەساری مادی و گیانیی بەدواوە بوو.

بە پێی ئامارە سەرەتاییەکان لە شارەکانی پارێزگای کرماشان تا ئێستا زیاتر لە ٢٠٠ کوژراو و نزیک بە ٢٦٠٠ بریندار تۆمار کراوە و ڕەنگە بە هۆی گەڕان لە ژێر وێرانەکاندا ئەو ئامارانە زۆرتریش ببنەوە و قوربانیی زۆرتری لێ بدۆزرێتەوە.

ئەو بوومەلەرزە لە باشووری کوردستانیش بەتوندی هەستی پێکراوە و بەتایبەت لە دەربەندیخان و چەند شاری دیکەی وێرانیی زۆر و قوربانیی لێکەوتۆتەوە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەی قوربانیانی ئەو بوومەلەرزەیە، هیوای هەرچی زووتر چاک بوونەوە بۆ بریندارانی ئەو کارەساتە دەخوازێ.

کارەساتێکی وەها گەورە کە دەیان شاری کوردستان لە ڕۆژهەڵات و باشووری گرتۆتەوە و بە سەدان قوربانی و بە هەزاران بریندار و وێرانییەکی زۆری لێ بەجێ ماوە، کارەساتێکی نەتەوەییە و وێڕای هاوخەمیمان بۆ هەموو زیانلێکەوتووانی مادی و گیانی، داوا لە هەموو هاونیشتمانیانی کورد دەکەین کە لەم کارەساتە گەورەیەدا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێ یارمەتیدەری قوربانیان و ماڵوێرانکراوەکان بن.

وێڕای سەرەخۆشیی دووبارە لە بنەماڵەی هەموو قوربانیانی بوومەلەرزەکەی ٢١ی خەزەڵوەر و هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوە بۆ برینداران، هیواداریین کە کارەساتەکان هەستی پێکەوەبوون و هاوسۆزیی نەتەوەییمان بەرزتر بکەنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦**
**١٣ی نۆڤامبری ٢٠١٧**

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات سەبارەت بە بوومەلەرزەکەی کوردستان




کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بارەی بوومەلەرزەی کوردستان ڕاگەیەندراوی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان!

هەر وەک لە ڕاگەیەندراوەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران، بە ئاماژەدان بە بوومەلەرزەکەی کوردستان ئەم ڕووداوەی بە کارەساتێکی وەها گەورە وەسف کردبوو کە دەیان شاری کوردستانی لە ڕۆژهەڵات و باشووری گرتووەتەوە و بە سەدان قوربانی و بە هەزاران بریندار و وێرانییەکی زۆری لێ بەجێماوە، جەختیشی کردبووە کە ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، کارەساتێکی نەتەوەییە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

یەکەم: لە دوای ڕوودانی بوومەلەرزەکە، بە وتەی خەڵکی خۆجێی و شایەتحاڵانی ئەو ناوچانەی کە زیانی ماڵی و گیانییان بەرکەوتووە، دامودەزگا و ئۆرگانەکانی پێوەندیدار لەو پەڕی کەمتەرخەمیدا بەرامبەر بەم ڕووداوە جووڵاونەتەوە و نە تەنیا کەمترین هاوکاری و یارمەتییان بە خەڵکی ناوچە زیان بەرکەوتووەکان نەگەیاندووە، بگرە کۆسپ و ڕێگریش بوونە لە بەردەم هاوکاری ویارمەتی کردنی خەڵکی ناوچەکە.

دووەم: بە وتەی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، زۆربەی ئەو خانووبەرە و ئەو شوێنانەی کە بە هۆی بوومەلەرزەکەوە ڕووخاون، لە سەروبەندی سەرکۆماریی مەحموود ئەحمەدی‌نژاد و بە ڕواڵەت بۆ پشتیوانی لە توێژە کەم داهاتەکان و لە ژێر ناوی پرۆژەی "مسکن مهر" دروست کرابوون. لە ڕاستیدا ڕووداوی بوومەلەرزەکە دەریخست کە دیسان چین و توێژی کەم داهات و هەژار قوربانیانی یەکەمی ئەم ڕووداوە بوون کە گیانی هەزاران کەسی بەرەوڕووی مەترسی مەرگ کردووەتەوە. لە ئەنجامی پرۆژەی ڕاوڕووتی لەم چەشنە کە هیچ ستانداردێکی نییە، ئەو ڕاستییە دەرکەوت کە خانووەکان، نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان و پرۆژە هاوشێوەکان کەمترین ستاندارد و ژێرخانی پتەوی هەیە و ڕووی ڕاستەقینەی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی لە بەتاڵان بردنی داهات و سامانی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ ڕای گشتی دەرخست.

سێهەم: مخابن سات لە دوای سات ئاماری قوربانیان و کوژراو و بریندارەکانی ئەم کارەساتە لە بەرزبوونەوە دایە و چاوەڕێ دەکرێت کە ئاماری قوربانیان و زیان بەرکەوتووان لەوەی کە هەیە زیاتر بکات.

لەم ڕووەوە، بە سەرنجدان بە قورسایی و لایەنەکانی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە، داوا لە سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هەموو چین و توێژەکانەوە دەکەین کە بە هانای خەڵکی ئەو ناوچانەوە بڕۆن و ئەوەی لە توانایان دایە هاوکاری و یارمەتییان بکەن.

لێرەوە جەخت دەکەینەوە کە کۆماری ئیسلامیی لە ڕووداو و هەلومەرجی وەهادا دەستی هاوکاری و فریاکەوتنی کورتە و تەنیا بۆ سەرکوت و داپڵۆسین و بەتاڵان بردنی سامانی وڵاتە کە دەستێکی باڵای هەیە.

پێویستە لەم بارەوە، سەرجەم ڕێکخراو و چالاکانی مەدەنی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، ئەرکی ئەخلاقی، مرۆیی و نەتەوەیی خۆیان سەبارەت بە هاوکاری و یارمەتی کردنی لێقەوماوانی ئەم کارەساتە بە جێ بگەیەنن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٣ی خەزەڵوەر ١٣٩٦**
**١٤ی نوامبری ٢٠١٧**

# حیزبی دێموکرات:
# نەتەوەی کورد لە کارەساتدا، حەماسەیان خوڵقاند



**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە شایی بە وەها نەتەوەیەکەوە دەکا و لە بەرامبەر ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی پاک و بێگەردی مافخوازییاندا سەری ڕێز دادەنوێنێ.**

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە شایی بە وەها نەتەوەیەکەوە دەکا و لە بەرامبەر ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی پاک و بێگەردی مافخوازییاندا سەری ڕێز دادەنوێنێ.

## دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

هاونیشتمانیانی بەڕێز،
خەڵکی وشیاری کوردستان،

بەداخەوە ڕۆژی ۲۱ی خەزەڵوەری ۱۳۹٦ی هەتاوی، ڕووداوی سروشتیی بوومەلەرزە لە کوردستانی دا و لە هەر دوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان وێرانی لێکەوتەوە کە وێرانی و قوربانی کەوتنەوەکە لە شارەکانی سەر بە پارێزگای کرماشان ئەوەندە زۆر بوو کە کارەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە.

بەپێی هەندێ لە ئامارەکانی ڕێژیم (کە زۆریش جێگای باوەڕ نین و وێرانی و قوربانییەکان زۆر لەوە زۆرتر بوون) نزیک بە ٥۰۰ کەس کوژراو و زیاتر لە ۱۰۰۰۰ کەس بریندار بوون و زیاتر لە ۱۲۰۰۰ یەکەی نیشتەجێ بوون بەتەواوی تێکڕووخاون و بە هەزاران ماڵ و یەکەی نیشتەجێ بوونی دیکە زەرەر و زیانیان پێگەیشتوە؛ بە شێوەیەک کە بە کەڵکی نیشتەجێبوون نایەن. چەندین شار و نزیک بە ۱٦۰۰ گوند بەر خەسارەتەکانی بوومەلەرزە کەوتوون و هەموو ئەمانە و هاتنی سەرما و باران و قوربانی لێکەوتنەوەی دواتر و ... نیشان دەدەن و پێمان دەڵێن کە ژمارەی وێرانی و قوربانیی ئەو کارەساتە زۆرتر لەوە بووە کە ڕاگەیەندراوە و قووڵایی ئە م کارەساتە مرۆییە دواتر ڕوون دەبێتەوە.

لە هەر کارەساتێکدا، لە هەموو دونیا چاوەڕوانییەکان لە حکوومەتەکان ئەوەیە کە هەرچی خێراتر بە پیری لێقەوماوانەوە بچن و نەک هەموو ئاسانکارییەک بۆ فریاگوزاری بۆ فریاگوزارەکان فەراهەم بکەن، بەڵکوو بەشێکی زۆری ئیمکانات و هێزی مرۆیی و ماددیی حکوومەت بۆ دەربازکردنی خەڵک لە کارەساتەکە و یارمەتیدانیان و چاککردنەوەی ژیان و ماڵیان تەرخان بکەن. بەڵام لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامیدا نەک ئەو کارە نەکرا و بە گوێرەی پێویست بە هانای خەڵکی بەڵا لێدراوەوە نەچوون، بەڵکوو زۆر بە درەنگی باسیان لەوە کرد کە بوومەلەرزەکە خەساری ماددی و گیانیی زۆری هەبووە و ئێستاشی لەگەڵ بێ هەر ڕاستییەکان دەشارنەوە.

سەرەڕای ئەوەش هێزە ئەمنییەتییەکان و سپای پاسدارانیان هێنا بۆ داپڵۆسینی خەڵک کە نەکا لەو دۆخە نالەبارە ڕەوانیەدا کە خەڵکی تێدایە بەگژ ڕێژیمدا بچنەوە و وەک بینیمان هێزی داپڵۆسێنەری ڕێژیم لەو خەڵکە لێقەوماوەیان دەدا و بێ‌حورمەتییان پێ دەکردن کە هاتبوون پاروە نانێک بۆ منداڵەکانیان ببەن. وێڕای ئەوەش یارمەتی و کاری بەهاناوەچوون لە لایەن دامودەزگاکانی ڕێژیمەوە ئەوەندە کەم بوو، کە هەم خەڵکە لێقەوماوەکە تووشی گوشاری دەروونی و داماوی زۆرتر بوون و هەم هەموو ئێران زانییان کە ڕێژیمی کوماری ئیسلامی نایهەوێ بەدەم خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی سەرپێڵ و ئیزگەلە و سەلاس و شارەکانی دیکەی کوردستانەوە بچێ.

ڕێژیم نەک حاڵەتی نائاسایی بۆ یارمەتیدانی خەڵک ڕانەگەیاند، بەڵکوو گوشاریشی بۆ ئەو خەڵکە هێنابوو کە بە زەحمەتی زۆرەوە تەرمی مردووەکانیان لەژێر وێرانەکان دەردێنن و دەبێ بیبەنە پزیشکی بەناو قانوونی ڕێژیم و ئەوان ئیجازەی ناشتنی بدەن و تا ئەوان ئیجازە نەدەن نابێ هیچ تەرمێک بنێژرێ!

سەرباری هەموو ئەو کەمتەرخەمی و بەهاناوەنەچوون و سەرکوتکاریانە، ڕایانگەیاند کە هیچ یارمەتیەک لە دەرەوەی وڵات وەرناگرین و لە نێو شوێنە کارەسات لێدراوەکەشدا دەبێ هەموو کارەکان لەژێر بەڕێوەبەریی سپای پاسداراندا بەڕێوە بچێ.

لە وەها دۆخێکدا، خەڵکی کورد لە هەموو شارەکانی کوردستان لە بڕیارێکی نەتەوەیی و مێژوویدا هەوڵی بەرفراوانی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ بوومەلەرزەلێدراوەکان و بەهاناوەچوونیان دا و چەندین کەمپەین وەڕێ خران. لە هەموو شار و گوندێکی کوردستاندا دەست کرا بە کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هاونیشتمانی و هاوزمانەکانیان لە شارەکان و گوندەکانی پارێزگای کرماشان کە تووشی ڕووداوی ماڵوێرانکەری بوومەلەرزە هاتبوون. وێنە و ڤیدیۆکان کە خەڵکی ئاسایی کورد دوور لە بوونی هیچ ڕاگەیەندکارێکی ئێرانی و بیانی تۆماریان کردووە، نیشانیان دا و وەکوو بەڵگە لە مێژوودا دەمێننەوە کە دوای کارەساتی بوومەلەرزە، نەتەوەی کورد، لە دژوارترین هەلومەرجدا و لەژێر گوشاری ڕێژیم و دامودەزگاکانی و بەتایبەت سپای پاسداراندا چ حەماسەیەکیان خوڵقاند و چۆن هەموو گەمارۆ و گوشارێکی ڕێژیمیان تێک دا و بەهانای هاونەتەوە بەڵالێدراوەکانیانەوە چوون.

کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران ویستیان کە بە گەمارۆی خەڵکی کورد لەو شوێنانەی بوومەلەرزەیان لێ دراوە، ڕۆحی نەتەوەیی و ئیرادەی ئەو خەڵکە بشکێنن و بەچۆکدا بێنن، بەڵام نەتەوەی کورد دووبارە سەلماندیانەوە کە زۆر وشیارتر و ئامادەتر و بەورەتر لەوەن کە پاسداران و ڕێژیمی تاران بیریان لێ کردبوویەوە.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە هەوڵ و تێکۆشانی کوردەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەین کە هەم بە پەیامی هاوخەمی و هەم بە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی، یەک نەتەوە بوونی کوردیان دووبارە مانا کردەوە و لە هەموو بەشەکانی دیکەشدا هەوڵی بەهاناوەچوونی قوربانیانی بوومەلەرزەکە درا.

هەروەها دەور و ڕۆڵی هێندیک لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی کوردستان بەرز و جێگای ڕێزە کە سات بە سات و ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ قوربانیان و هەوڵی هەمەلایەنە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیەکاندا بوون و دەنگی قوربانیان و هەوڵی نەتەوەی کورد بۆ بەهاناوەچوونیان بە چاو و گوێی دونیا گەیاند.

لەو نێوەدا کە نەتەوەی کورد بە هەموو شێوەیەک ئیرادەی نەتەوەبوون و بەهاناوەچوونی هاوزمانەکانیان دەسەلماند، دوو شت جێگای بایەخ و سەرنجی تایبەت بوون؛ یەکەم هەوڵی ڕێژیم بۆ ئەوەی سپای پاسداران بکا بە بڕیاردەر و بەڕێوەبەری کارەکان و تەنانەت وەرگرتنی یارمەتییەکانی خەڵک بۆ ئەوەی بە ناوی ڕێژیمەوە بیدا بە خەڵک، هەر بەو مەبەستە لە چەندین شوێندا دەستی بەسەر ئەو یارمەتیانەدا گرت، بەڵام خەڵک هیچ بڕوایەکیان بە دامودەزگاکانی ڕێژیم نەبوو و یارمەتیەکانیان بەوان نەدا و لە ڕێگەی کەسان و ڕێکخراوە خەڵکیەکانەوە ئەو ئەرکانەیان ڕاپەڕاند.

دووهەم هەوڵی خەڵکی غەیرە کورد لە شارەکانی دیکەی ئێران کە هەرچەند لە سەرەتادا شتێکی ئەوتۆ بەدی نەدەکرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی زانییان ڕێژیم کەمتەرخەمە، ئەوانیش دوور لە دامودەزگاکانی ڕێژیم و لە لایەن خۆیانەوە دەستیان بە گەیاندنی یارمەتی بەو خەڵکە لێقەوماوە کرد و دووبارە ڕێژیم لە خەڵک جیا کرایەوە.

لە سەروبەندی کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی لێقەوماودا ڕووداوێکی دڵتەزێنی دیکە ڕوویدا کە خەڵک لەوەش حەماسەیان دروست کرد. هاووڵاتیەکی خەڵکی بووکان بە ناوی "ئەبووبەکر مەعرووفی" لەکاتی گەیاندنی یارمەتی بە خەڵکی سەلاس و سەرپێڵدا لە ڕووداوی وەرگەڕانی ماشێندا گیانی لەدەست دا. گەڕانەوەی تەرمی خوالێخۆشبوو، گەڕانەوەیەکی ئاسایی نەبوو.

هەر لە شوێنی ڕووداوەکەوە شار بە شار و گوند بە گوندی کوردستان لەسەر ڕێگا پێشوازییان لە تەرمی ئەو هاووڵاتییە کرد و لە هەموو شوێنەکاندا بە هەزاران کەس بە پێشوازی کاروانی هاوڕێی تەرمی ئەبووبەکر مەعرووفیەوە چوون و لە هەموو شوێنێکدا بە دروشمی نەتەوەیی و بە پلاکاردی هەڵگری دروشمی شۆڕشگێڕانەوە، ئەبووبەکریان بە شەهیدی کوردستان پێناسە کرد و تەرمی شەهید بوو بە ئاڵای نیشتمانێک کە خەڵکەکەی هەموو پیلان و گەمارۆی دوژمنیان بەزاند و دووبارە بە حەماسەوە ئیرادەی بەرزی نەتەوەیی خۆیان سەلماندەوە. پێشوازی لەو تەرمە کە دەگەڕایەوە زێدی خۆی پێشوازییەکی نەتەوەیی و بە دەیان و سەدان هەزار کەسی بوو و ناشتنیشی لە زێدی خۆی لە بۆکان وێڕای هەموو گوشار و پیلانەکانی ڕێژیم، بەڕێکردنێکی هەزاران کەسی بوو کە دووبارە نیشانیان دایەوە و سەلماندیانەوە کە ئەم نەتەوەیە گەیشتووەتە بەرزترین ئاستەکانی وشیاری و بوێریی نەتەوەیی.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی خەم و پەژارەی دووبارەی خۆی بۆ هەموو قوربانیان و بریندارانی کارەساتی بوومەلەرزەکە و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەکانیان و هیوای هەرچی زووتر چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری ئەبووبەکری مەعرووفی دەکات کە لەپێناوی باوەڕە بەرزەکانیدا گیانی دا و بوو بە ڕەمز و هێما بۆ نەتەوەیەک. هەروەها دەست خۆشی و ماندوونەبوون لە هەموو ئەو کەسانە دەکا کە بە هەر شێوەیەکی ماددی و غەیرە ماددی یارمەتییان بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە گەیاند و سوپاس و پێزانینی خۆی بەرامبەر هەموو ئەو کەس و ڕێکخراو و لایەنانە دەردەبڕێ کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشەکانی دیکەی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات لەوپێناوەدا هەنگاویان هەڵگرت و ئەرکێکی مرۆییان بەجێ گەیاند.

هەروەها دەفتەری سیاسی سوپاس وپێزانینێکی تایبەت بە هەموو چین و توێژ و گرووپەکانی کۆمەڵگای کوردستان، نەتەوەی بەورە و چاوکراوە و لەسەرهەستی کورد دەکا کە کارەسات بە دوای کارەسات و ڕووداوی ناخۆش بە دوای ڕووداوی ناخۆش کە بەسەریاندا هاتووە، بەوپەڕی ورە و ئیرادەوە پێکەوە بوون و بە یەکڕیزی و هاوسۆزی و هاوپێوەندیی مرۆیی و نەتەوەییان حەماسەیان خولقاندۆتەوە و نەتەنیا جیهانیان سەرسامی ئیرادەی خۆیان کردووە بەڵکوو وانەکانی پێکەوەبوونیان بە گوێی تێکۆشەرانی خۆشیان گەیاندووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شایی بە وەها نەتەوەیەکەوە دەکا و لەبەرامبەر ئیرادەی نەتەوەیی و هەستی پاک و بێگەردی مافخوازییاندا سەری ڕێز دادەنوێنێ.

**کوردستان ئاوەدان و کورد سەربەرز**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەفتەری سیاسی**

**۲۸ی خەزەڵوەری ۱۳۹٦**
**۱۹ی نۆڤامبری ۲۰۱۷**

# پرۆژە شاراوەکانی سپای پاسداران، بوومەلەرزەکەی ئیزگڵەی کرد بە تراژیدیایەک بۆ کورد

نەوید کەرەمی

بوومەلەرزەیەک کە بەشێک لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کرد بە وێرانە و گۆڕستان، وێدەچێ کە بەهۆی تەقینەوەیەک زیانە گیانیەکانی زۆرتر کردبێ .

شەوی ٢١ لەسەر ٢٢ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ی هەتاوی، بوومەلەرزەیەکی زۆر بەهێزی ٧.٣ ریشتەری ناوچەکانی ئیلام، سەرپێڵی زەهاو، کرماشان، سنەو مەریوان و هەروەها کوردستانی باشووری لەرزاند و خەسارێکی زۆری بە خەڵک گەیاند. ناوەندی ئەو عەردهەژێنە، شارۆچکەی ئیزگلە بوو کە دەکەوێتە نێوان سەرپێڵی زەهاو و جوانڕۆ و هەڵەبجە. شار و گوندەکانی سەرپێڵی زەهاو زۆرترین خەساریان وەبەرکەوتووە، گوندەکان ڕۆخاون و زۆربەی خانووەکان لەگەڵ خاک یەکسان بوون. لە ناوەندی کارەساتەکەدا زەوی بە درێژایی چەندین کیلۆمتر شەقی بردووە و هەندێ لە شاخەکانیش دارماون و بە پێی هەواڵیکی نهێنی کە دەزگاکانی ڕێژیم پشت ڕاستیان نەکردۆتەوە، نزیک بە هەزاران پاسدار لەو ڕووداوەدا کوژراون.

پاش ڕوودانی کارەساتەکە حکومەت جەوێکی ئەمنیەتی لە ناوچەکانی سەرپێڵی زەهاو و ئیزگڵە کە ناوەندی ڕوودانی بوومەلەرزەکەیە، پێکهێناوە و ئیزن نادات تا هەواڵنێرانی بیانی و سەربەخۆ بچنە ئەو شوێنە، ئەگەرچی ماوە بە ماوە لە ناوچە کوردییەکاندا بوومەلەرزە ڕوو دەدات بەڵام هەندێک هەواڵ گومانیان لە شتی لاوەکی دروست کرد و هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕوودانی ئەو کارەساتە، لە زاری پسپۆڕان و خەڵکی ئەو ناوچانەوە ئەو هەواڵانە باس دەکرێن کە هاوکات لەگەڵ بوومەلەرزەکە دەنگی تەقینەوەیەکیش بیستراوە.

ڕووداوەکانی پاش ئەو کارەساتە و چۆنیەتی هەڵسووکەوتی حکوومەت نەک ئەو گومانانەی نەڕەواندنەوە بەڵکوو تا دێت گومانەکان زیاتر دەبن و باس لە تەقینەوەی ئەنباری نهێنی مووشەکی سپا لەو ناوچەیە دەکرێت. سەرپێڵی زەهاو یەکێک لە کۆنترین شارەکانی کوردستانە و دانیشتوانی کە بە زۆرینە جاف و لەک و کەڵهوڕن، لە ڕووی ئایینیش هەم یارسان و هەم سووننە و هەم شیعە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە و ژیان بەسەر دەبەن.

ئەگەرچی بوومەلەرزە یەکێکە لە دیاردە سروشتیەکان لە جیهاندایە، بەڵام زۆر هۆکار و هەڵسووکەوتی گوماناوی، شک و گوومانەکان بۆ نائاسایی بوونی ئەو دیاردەیە و ئەگەری بەرزبوونەوەی ئاستی قوربانیانی ئەو بوومەلەرزە بە تەقینەوەی کڵاوەی ناوکی یان ئەنباری مووشەکەکان بەهێزتر دەکات.

نزیک بە دوو دەیەیە کە سپای پاسداران لە بەشێک لە شارۆچکەی ئیزگلە، کە دەکەوێتە نێوان سەلاسی باوەجانی و داوێنی کێوی بەمۆ بە ناوچەی داخراوی نیزامی دیاری کردووە و ئیزن بە کەس نادات تا بچنە ئەو ناوچەیەوە. پسپۆڕێکی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە ناوەکەی پارێزراوە، دەڵێ: سپای پاسداران لە ژێر ناوی گواستنەوەی ئاو و درووست کردنی بەنداو، لە گوندی ئیزگلە بۆ خۆی پایگایەکی مووشەکی دروست کردووە، ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا کاریان گواستنەوەی ئاوی چۆمی سیروان بۆ ئەو ناوچەیە بوو، بەڵام لە ژێرەوە و بە نهێنی بۆ دروست کردن و وەڕێخستنی جۆرێک سامانەی مووشەکی کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوکی هەبێت، کاریان کردووە. لەو جێگایەی کە هەر سامانەی مووشەکی و ناوکی بە ڕێژەیەکی زۆر ئاو بۆ ساردکردنەوەی دەزگاکانی پێویستە، بە بیانووی کشت و کاڵ بەنداوێکیان لەو شوێنە دروست کردووە. کە لە ڕووی موهەندیسییەوە هیچ پسپۆڕ و موهەندسێک دروست کردنی ئاوبەندی لەو شوێنە تەئید نەدەکرد و بڕوای نەبووە کە سپا خەریکی دروست کردنی بەنداو بێت لەو ناوچەیەدا. ڕەتیشی دەکاتەوە کە ئەو هەموو خەسارەتە تەنیا بەهۆی بوومەلەرزەوە بووبێت و پێی وایە کە دەبێ بوومەلەرزە بووبێتە هۆی تەقینەوەی مەخزەنی مووشەکەکانی سپا یان کڵاوەی ئەتۆمی و بەو شێوەیە شەپۆلەکانی بوومەلەرزەکە تەقویەت کراون و ئاستی قوربانیانی چووەتە سەرەوە.

هەروەها پسپۆڕێکی بواری زەویناسی دەڵێ:" تا ئەو جێگایەی کە من بزانم ئەم شەپۆلانە نە لە جۆری S بوون و نە لە جۆری P، شەپۆلەکان شێوێندرابوون و بڵاوبوونەوەیان بە شێوەی بازنەیی بووە کە تەنیا لە تەقینەوەدا وەها مەوجگەلێکی بازنەیی دروست دەبن. من بە دڵنیایی و متمانەوە دەتوانم بڵێم کە ئەم هەموو ماڵوێرانییە بە هۆی تەقینەوەیەک بووە کە لە نێو زەویدا ڕووی داوە و بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بوومەلەرزەکە بۆ سەرووی ٧ ریشتر."

سپای پاسداران وەک تەنیا هێزێکی جێگای متمانەی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران و بەرپرسی جێبەجێ کردنی پرۆژە نهێنییەکانی ئێران و دروست کردنی چەکی بە هێز بۆ زاڵ بوونی کوماری ئیسلامی ئێرانە بۆ سەر خەڵکی ناوچە.

پاش ڕوودانی کارەساتی ئیزگلە حکوومەت لە باتی ئەوەی کە بە هانای خەڵکی لێقەوماوەوە بێت، بە هەزاران کەس لە هێزی سپای پاسداران و ئەرتەشی لە تارانەوە هێناوەتە ئەو ناوچەیە، بە بێ ئەوەی بۆ یارمەتی خەڵک هاتبن و کەس نازانێ کە کاریان چیە؛ هەروەها ئیزن نادات تا ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ و بیانی بچنە ناوچەکە و کۆسپ دەخاتە بەردەم گەیاندنی یارمەتییە خەڵکییەکان کە لەلایەن خودی خەڵکەوە بۆ خەڵکی لێقەوماو کۆکراونەتەوە و بە تەواوەتی ناوچەکەی ملیتاریزە کردووە.

سەرنجدان بە وتەی خەڵک و



پسپۆڕانی ناوخۆیی و شێوازی دارمانی خانووەکان و کەوتنی بیناکان، پیشاندەری ئەو ڕاستیەیە کە ئەو کارەساتە ڕەنگە بە ڕووداوی تەقینەوەی ئەنباری مووشەکی، دوای بوومەلەرزەکە قوربانی و ماڵوێرانییەکانی زۆرتر بووبێ و هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ شاردنەوەی ڕووداوەکانی دوای بوومەلەرزەکە، ئەوەندەیتر ئاستی قوربانیانی زۆرتر کرد و بووەتە هۆی کارەساتێکی مرۆیی بۆ گەلی کورد و کوژرانی پاسداران و پێرسۆنێلی ئەو شوێنە کە تا ئێستا لە لایەن حکوومەتەوە شاردراوەتەوە.

# لە خەبات دژ بە ئەپارتایدەوە بۆ ڕاسان



د.ئیدریس ئەحمەدی

خۆپیشاندان و چالاکی مەدەنی دوو ساڵی ڕابردوو، هەر لە کەمپەینی جامانەوە بگرە تاکوو هەڵمەتی فریاکەوتنی لێقەوماوانی بوومەلەرزە لە پارێزگای کرماشان، نیشانەی سەرهەڵدانی بەربەرکانێی جەماوەری و مەدەنین. ئەم دیاردەیەش، دوو لایەنی هەیە؛ لەلایەکەوە، بەرینبوونەوەی بەشداری خەڵک لە خۆپیشاندانەکان، لەلایەکی دیکەوە، دوور لە بەکارنەبردنی زەبروزەنگ، ئەنجامدانی کۆمەڵێک کرداری هێمایی و دەربڕینی نارەزایەتی و گەیاندنی پەیامی سیاسی. لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی کوردستان جیاوازە لە گەڵ زۆر وڵاتی دیکە کە بەربەرەکانێی جەماوەری و مەدەنییان تێدا کراوە، ڕەنگبێ بکرێ بەراوردکردنێک لەگەڵ خەبات دژ بە ئەپارتاید لە ئەفریقای باشوور لە جێگای خۆیدا بێ.

لە ئەفریقای باشوور، سەرەتا لە دەیەی ١٩٥٠، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ڕەشپێستەکان بە خەباتی مەدەنی دەستی پێکرد. ئەمە قۆناغی یەکەم بوو لە خەباتی ئەواندا. هەڵبەت، زەبروزەنگی ڕێژیمی ئەپارتاید وایکرد کە "کۆنگرێسی نەتەوەیی ئەفریقا" (ANC) لە سەرەتای دەیەی ١٩٦٠دا، خەباتی چەکداری دەست پێ بکا. نەک تەنیا زەبروزەنگ دژ بە جووڵانەوەی مەدەنی، بەڵکوو سەرکەوتنی خەباتی چەکداری لە کوبا و ئەلجەزایر، بوون بە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ANC.

دواجار ڕێژیمی ئەپارتاید بە کەڵکوەگرتن لە زەبروزەنگی زۆر، تیرۆر، زیندانیکردنی سەرکردەکانی ANC و هەروەها گوشارهێنان بۆ وڵاتی زیمبابوێ بۆ ڕاگرتنی پشتیوانی لە چەکدارانی باڵی نیزامی ANC، توانی ئەو خەباتە چەکدارییە کەمڕەنگ بکاتەوە.

دوابەدوای پاشەکشەکردنی باڵی نیزامی ANC، بەربەرەکانێی جەماوەری و مەدەنی بە گڕوتینێکی زۆرترەوە لە ناوەندی دەیەی ١٩٨٠دا سەریهەڵدایەوە. لە قۆناغی دووهەمی خەباتی ڕزگاریخوازی لە ئەفریقای باشوور، خەباتی چەکداری و مەدەنی هاوتەریب دەچوونە پێش. هەڵبەت، سەرکردایەتی ANC بەئەنقەست چالاکی سنووورداری چەکدارییان ئەنجام دەدا وەک پاڵپشت و بزوێنەری بەربەرەکانێی جەماوەریی و مەدەنی.

لە قۆناغی دووهەمدا، ڕێکخراوەی چەتری "بەرەی یەکگرتووی دیموکراتیک" (UDF) پێکهات، کە زیاتر لە ٢٣٠ ڕێکخراوی لە خۆ دەگرت و میلیۆنونیوێک لایەنگری هەبوو. ڕێکخستنی نهێنی ANC لایەنی سەرەکی ئەو ڕێکخراوە چەترییەیان پێک دەهێنا، کە هەموو توێژێکی کۆمەڵگای لە خۆدەگرت. قۆناغی دووهەم هاوکات بوو لەگەڵ نەرمبوونەوەی شەڕی سارد و دواجار مسۆگەرکردنی پشتیوانی ئەمریکا بۆ سەپاندنی گەمارۆ و لەپەراوێزخستنی ڕێژیمی ئەپارتاید. بە ئامانجگرتنی خاڵە لاوازەکانی ڕێژیمی ئەپارتاید، بەتایبەت لە ڕووی ئابوورییەوە، خەباتی چەکداری سنووردار وێڕای خەباتی بەرەینی جەماوەریی و مەدەنی، لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠، ڕێژیمی ئەپارتایدی ناچار بە پاشەکشە و دواجاریش هەڵوەشانەوە کرد.

ڕاسان، کە ئامانجی لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخە، هاوشێوەی قۆناغی دووهەمی خەباتی ڕزگاریخوازی ئەفریقای باشوورە. لە ڕاساندا، پێشمەرگە بە ئامادەبوون لە نێو جەماوەردا یان با بڵێین گەڕانەوەیان بۆ ڕۆژهەڵات لە سێ ساڵی ڕابردوودا، ترسی خەڵکی لە ڕێژیم شکاند، هەروەها هانی دان بجووڵێن و بەربەرەکانێ بکەن دژ بە ڕێژیمی ئێران. ڕاسان هەم درێژەدانی خەباتی لەمێژینەی ڕزگاریخوازییە لە ڕۆژهەڵات، هەمیش بووژاندنەوە و داهێنانە لە بواری بەربەرەکانێی جەماوەری و مەدەنیدا.

ڕاسان لە قۆناغی سەرەتایی خۆیدایە. لە گەڵ ئەوەش، تاکوو ئێستا، دەسکەوتی بەرچاوی هەبووە؛ لەوانە، تەیارکردنی خەڵکی کوردستان، بەرجەستەکردنەوەی مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، ڕاکێشانی سرنجی نێودەوڵەتی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، هەروەها بەهێزکردنەوەی ڕیزەکانی پێشمەرگە. بە درێژەکێشان و پەرەپێدانی ڕاسان، دواجار پشتیوانی نێودەوڵەتیشی بۆ مسۆگەر دەبێ.

هەڵبەت، ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیاوازە لەگەڵ ئەفریقای باشوور. لە ئێراندا، کورد کەمینەیە، لە کاتێکدا ڕەشپێستەکان لە ئەفریقای باشوور، زۆرینەی وڵات پێک دێنن. ئامانجی بزووتنەوەی ئەوان، گۆڕینی ڕێژیم بوو. ئامانجی کورد، هەروەها وەدەستهێنانی سەروەرییە لە سەر خاکی خۆی. ئابووری ئەفریقای باشوور بەرهەمهێنەرە، بۆیە، بە نافەرمانی مەدەنی وێڕای پشتیوانی نێودەوڵەتی و سەپاندنی گەمارۆ، ئابوورییەکی لاواز کرا؛ سەرچاوەی سەرەکی ئابووری ئێران، بریتییە لە نەوت و خەباتی مەدەنی کەمتر دەتوانێ گرفت بۆ ئابووری ئێران پێک بێنێ (مەگەر ئەوەی لایەنی نێودەوڵەتی بیکەنە ئامانجی گەمارۆ ).

هەڵبەت ئێران فرەنەتەوەیە و بە مەرجێک کە نەتەوە زوولملێکراوەکانی دیکە خەباتی هاوشێوەی ڕاسان بەرپا بکەن، دەکرێ پێگەی کەمینەبوونی کورد و باقی نەتەوەکان، قەرەبوو بکرێتەوە. ناوچە فارسنشینەکان پێویستیان بە ئاوی کوردستانە؛ کەوابوو، ئاسایشی خۆراکی ئەو ناوچانە گرێدراوە بە کوردستانەوە. ئەو گرێدراوییە دەشێ پارسەنگی هێز بە قازانجی کورد بشکێنێتەوە. هەروەها لە ئاست ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا، کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتە شەڕخواز و ناسەقامگیرپێکهێنەرەکانی، دوژمنی زۆرە کە دەکرێ ببن بە هاوپەیمانی نەتەوە زوڵملێکراوەکان. هەروەها ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێگەیەکی جیۆسیاسی گرنگی هەیە.

کۆی ئەو فاکتەرانە دواجار ڕێژیم ناچار دەکا پاشەکشە بکا و لە بەرانبەر داخوازییە سیاسییەکانی گەلی کورددا، تەنەزوول بکا. بەڵام بۆ سەرکەوتن، دەبێ ڕاسان پەرەی پێ بدرێ و هەردوو کۆڵکەکەی، واتە خەباتی شاخ و شار، بەهێز بکرێ.

سەبارەت بە بەربەرەکانێی جەماوەری و مەدەنی، پێویست دەکا ڕێکخراوێکی چەتری پێک بێ بۆ ڕێکخستن و بەرینترکردنەوەی خەبات. ڕاسان ڕەوتێکی هێڵی نییە، بەڵکوو پرۆسەیەکی مێژووییە کە هەوراز و نشێویش بەخۆیەوە دەبینێ. سەرکەوتنی ڕاسان، لە درێژەدان و پەرەپێدانی دایە.

# ئەمن چی بکەم، خۆتان دروستی بکەنەوە

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵی**



چەند رۆژ پێش ئێستا بومەلەرزەیەك كە سەنتەری ئەو لە ئەزگەلی خۆرهەڵاتی كوردستان بوو هەر دوو بەشی باشوور و خۆرهەڵاتی كوردستانی هەژاند. هەرچەندە زیانەكانی ئەم بومەلەرزە لە باشووری كوردستان بەرچاو نەبوو، بەڵام لە خۆرهەڵاتی كوردستان كارەساتێكی مرۆیی لێكەوتەوە و ژمارەیەكی زۆر لە هاووڵاتیانی كورد لە پارێزگای كرماشان گیانیان لە دەست دا و ژمارەیەكی زۆرتریش بریندار بوون و بە سەدان هەزار كەسیش بێ حاڵ و ماڵ بوون.
بە هۆی ئەو رووداوەوە چاوەڕوان دەكرا حكومەتی ئێران وەك لایەنی دەسەڵاتدار بە هانای خەڵكەوە بڕوات و هەوڵی چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكان بدات. بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی كە لەبەر دەستدان نەتەنیا حكومەتی ئێران لە ئاست دانیشتوانی پارێزگای كرماشان ئەركی سروشتی و مرۆیی خۆی بەجێنەهێنا، بەڵكوو بە شێوازێكی تەواو كۆلۆنیالیستیانە هەندێ ڕێوشوێنی گرتەبەر.
سروشتی هەموو دەسەڵات و حكومەتێك(چاك و خراپی ) ئەوەیە كە بودجەیەكی تایبەتی بۆ رووبەڕووبونەوەی كارەساتە سروشتییەكان هەبێت و لە كاتی تەنگانە سوودی لێوەربگرێت. بەڵام ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوودا بینیمان ئەوە بوو كە حكومەتی ئێران هیچ هەنگاوێكی لەو بوارەوە نەنا. لێرەدا پرسیار ئەوەیە كە بۆچی حكومەتی ئێران ئەركی سروشتی خۆی لە ئاست خەڵكی كوردستان بە جێ نەهێنا؟
لێرەدا هەوڵ دەدەم بە شیكردنەوەی هەندێ رووداو پیشانی بدەم كە حكومەتی ئێران بە چ شێوەیەك سەیری كوردستان دەكات و ئەو ڕێوشوێنانە گرتوویەتە بەر پێویستە چۆن سەیر بكرێت.
حەسەن رۆحانی سەركۆماری رێژیمی ئێران لە دوایین سەردانی بۆ پارێزگای كرماشان و لە وتارێكدا كە پێشكەشی خەڵكی كرد دوو بابەتی باس كرد كە زۆر جێگای سەرنج بوون. سەركۆماری ڕێژیمی ئێران گووتی:" خەڵك خۆیان خانووەكانی خۆیان بنیات دەنێنەوە." ئەمە بەو مانایەیە كە ڕێژیم و كابینەی وەزیرانی ناوبراو هیچ بەرپرسیاریەتییەكیان لە ئاست خەڵكی ماڵوێران نییە. لە درێژەی قسەكانیشیدا جەختی لەسەر رۆڵی هێزەكانی سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەكانی دیكە لە ناوچەكە كردەوە.
لەلایەكی دیكەوە رابەری كۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەفدێكی رەوانەی ناوچەكە كرد، كە زۆربەیان ئایەتوڵڵا و پیاوانی ئایینی نووسینگەی خۆی بوون و هیچ شارەزاییەكیان لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكە نەبوو و جیا لەوەش لە نێو ئەو دۆخە پڕ لە كارەساتبارەدا سەرقاڵی وێنەگرتنی سێلفی بوون.
دوای رووداوەكەش حكومەتی ئێران لە جیاتی رەوانەكردنی لایەنە پەیوەندیدارەكان بە كێشە سروشتییەكان بۆ ناوچەكە هێزە ئەمنییەكانی خۆی رەوانە كرد. ئەم هێزانە نەك تەنها بۆ پاراستنی گیان و ماڵی خەڵك و یارمەتیدان نەبوون، بەڵكوو تەنها بۆ پاراستنی ئەو ئاسایشە توند و رەهایە بوون كە حكومەت مەبەستی بوو. بە مانایەكی دیكە رەوانە كردنی هێزە ئەمنییەكان تەنها بۆ سەركوتكردنی خەڵك بوون و بوونیان لە ناوچەكە تەنانەت ئاسایشی كۆمەڵایەتی خەڵكی تێكدا لەبەر ئەوەی چەندین حاڵەتی دزی و بردنی كەلوپەلی ماڵی خەڵكیان ئەنجام داوە و هەوڵیان داوە ئەوەندەی دیكە خەڵكی ناوچەكە نغرۆ بكەن. لە هەمان كاتیشدا هێزە ئەمنییەكان لەمپەڕیان لەبەردەم گەیاندنی یارمەتی خەڵك دروستكردووە و ڕێگایان نەداوە یارمەتی خەڵك بگاتە دەست ئاوارەكان.
بە سەیر كردنی ئەو نمونانەی سەرەوە بۆمان روون دەبێتەوە كە لە لوتكەی دەسەڵاتی ئێرانەوە، بە شێوەیەكی دیكە سەیری كورد دەكرێت. ئەم شێوازە سەیركردنە بە تەواوی شێوازێكی كۆلۆنیالیستییە و تەنانەت لە قسەكانی رۆحانی سەركۆماری ئێرانیش لەوە خراپتر بەدەر دەكەوێت و بەتەواوی بە كۆیلە سەیر كردنی خەڵكی تێدا دەبیندرێت. كاتێك كە دەڵێت:"خەڵك خۆیان خانووەكانیان بنیات دەننەوە" جیا لە ئاشكراكردنی ئەوەیكە حكومەت هیچ بەرپرسیاریەتییەك ناگرێتە ئەستۆ، مانای ئەوەیشە كە خەڵكی كورد لە ئێراندا تەنانەت وەك كۆیلەش سەیر ناكرێن بۆیە دەڵێت:"خۆیان". ئەمەش ڕێك رستەی هەمان كۆیلەدارە كە دەیگووت:"ئەمن چی بكەم خۆتان دروستی بكەنەوە".
هەمووی ئەم روداوانەی كە لە سەرەوە باسكرا و لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا بینیمان ئەوەمان بۆ دەردەخەن كە حكومەتی ئێران بەشێوەیەكی كۆلۆنیالیستی سەیری ناوچە كوردنشینەكان دەكات و هەموو كردار و رەفتارەكانیشی لە هەمان چوارچێوەدا ئەنجام دەدات. چوارچێوەیەك كە هیچ ئەركێك ناخاتە ئەستۆی حكومەت بۆ ئاوەدانی و رووبەڕووبونەوەی كارەساتەكان و تەنها دەستی ئەوەی بۆ ئاوەڵا دەكات كە تاڵان و بڕۆی ناوچەكە بكات. بە مانایەكی دیكە هەموو سەرچاوە سروشتییەكانی سەرزەوی و ژێرزەوی بەرێت و هیچی بۆ ناوچەكە نەهێڵێتەوە و یا خود نەیگێڕیتەوە و بەرپرسیاریەتیش لە ئاست رووداوە سروشتییەكان وەرنەگرێت. ئەم چوارچێوە، فۆرمێكە كە حكومەتی ئێران ماوەیەكی زۆرە كاری پێدەكات و هەموو رەهەندە فكری و سیاسی و ئابوورییەكانی بۆ خۆی پێناسە كردووە.

# كرماشان لە نێوان بە خاوەن دەركەوتنی كورد و دەركەوتنی ڕووی ڕەشی دیكتاتۆردا

**ئەلبورز ڕۆژین تەن**



كارەساتی سروشتی وەك بوومەلەرزە زۆر جار وێرانكەرو وشیاركەرەوەیە. ئەو وشیاركردنەوەیە چەندین ڕووی هەیە و لە زۆر بواردا كۆمەڵگا بۆ داهاتویەكیتر ئاگادار دەكاتەوە. لە هەمان كاتدا وەك كارەساتێكی مرۆڤ ڕاچڵەكێنەرە كە مرۆڤ بە خۆداچوونەوەیەك لە هەموو بواردا دەكات. بوومەلەرزەی ئەمجار لە كرماشان زۆر ئازاری داین؛ ئەو ئازاردانە زیاتر لە تۆرەمەی هەڵاوردن و جیاوازی و بێ كەسی و نەبوونی خزمەتگوزاری بوو.
بێگومان ئەوە بابەتێكی نوێ نییە چونكە زۆر لەمێژە ئامارو زانیارییەكان ئەگەری تراژێدیا و كارەساتێكی لەو چەشنەمان پێ دەڵێن بەڵام ئەم جارەیان كاتێك هەموان لە ژێر خراپەی ئەو ڕێژیمە لە گەڵ مەرگدا دەست و پەنجەیان نەرم دەكرد دیتنی ڕووی ڕاستی كۆماری ئیسلامی جارێكی دیكە دەرفەتی بە خۆداچوونەوەی دا.
كورد لە كوردستان بەردەوام لە بەرانبەر ماشێنی فریوی دوژمن دان ئەو فریودانە بە ئەندازەیەك كاری بۆ دەكرێت كە ئێمە مانان لە ئاشكراكردنی ئەو فریوانە كەم دەهێنین و ناتوانین كاریگەر بین. بەڵام كارەساتێكی سروشتی باشتر دەریدەخات كە دیواری فریوی ئەوان كورت و دیواری بە ئاگاهاتنەوەی كورد پتەو و پتەوتر دەبێت. لە یەكەمین ساتی ڕوودانی ئەو كارەساتە تا ئێستاش زۆرترین ستەمیان كە دەرحەق بە ئەو خەڵكە كردبێت. داپۆشینی ڕووی ڕاستی ڕووداوەكانە بۆ ئەوەی لە گەورەیی ڕووداوەكە كەم بكەنەوە تا گەورەیی نەشیاوی بە ئەنقەستی خۆیان لە بەرانبەر كورددا بشارنەوە. چۆن لە ڕووداوێكی وەها گەورەدا ئامارێكی ڕوون و شەفاف بەنیسبەت خەساری گیانی و ماددی تا ئێستاش بوونی نییە، یا بە دەیان دەزگای كۆماری ئیسلامی هەر یەك بە جۆرێك ئامارێك بڵاو دەكاتەوە، تەنانەت شتێك وەك بەڕێوەبەری قەیرانیش نابینرێت جیا لە هەندێ هەوڵی ڕیاكارانە كە تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی شاشەی تیڤی و ڕۆژنامەكان بە ناوی بەدواداچوون و هاوسۆزی
بە لێكدانەوەی هەندێ ئامار دەردەكەوێت ڕێژەی قوربانیان و گەورەیی كارەساتەكە زۆر لەوەی زۆرترە كە ڕێژیم ڕایدەگەینێ و هەوڵ دەدات ئەوەندە نیشان بدات. تەنانەت لە پارێزگایەك كە بە ئەنباری دەخڵ و دانی وڵاتێكی گەورەی وەك ئێران دەزانرێت ئامبولانس دابین نەكراوە، نەخۆشخانە بەر لە هەموو شوێنێك دەڕووخێ! دوای دەربازبوونی چەند ڕۆژ كەمبوونی ئاو و كارەبا هاوار دەكات. هەمووی ئەوانە بە جێگای خۆی دزینی یارمەتییە مرۆییەكان و ڕێگە گرتن لە هاوكاری خەڵك و خۆبەخشان لەلایەن دەزگا ئەمنیەكانی ڕێژیم جارێكی تر ئەوپەڕی دڕەندەیی ئەو ڕێژیمە نیشان دەدا. بەڵام ئەوەی دڵنەواییەك بوو بۆ ئەو خەمە گەورەی كورد تابلۆی بەدەنگ هاتنی خەڵكی ڕۆژهەڵات بوو بە جۆرێك كە هەمووامانی لە فرمێسكی شانازیدا شاردەوە. دڵنەوایی بەشێكی پێویست بۆ كەم كردنەوەی ئازاری دوای هەر كارەساتێكە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو دڵنەوایییە زیاتر لە هاوسۆزی و هاوخەمی بێت و بەشێكی بەرچاوی پێداویستییەكانیش كەم بكاتەوە.
خەڵكی ڕۆژهەڵات نەك كرماشانیان لە بیر بوو بەڵكوو لە ئامێزیان گرت و بە ئامێزی هاوكاری و هاودەردی خۆیان لە ماوەیەكی كورتدا نیشانیان دا كرماشان ماڵ و جەستەی كورد و ڕۆژهەڵاتە. ئەو تابلۆی هەموو ئەوانەی كە بەجۆرێك كەمترین گومان و گریمانەیشی هەبوو ناچار بە خوێندنەوەیەكی تری كۆمەڵگای ڕۆژهەڵات دەكات. لە هەمان كاتدا كێ لەو خوێندنەوەیەدا دروست و وشیار و خێرا بێت دەتوانێ زۆر خەمی گەل چارەسەر بكات؛ ئەو بە خاوەن دەركەوتنە بە جورێك بوو كە ڕێژیمی وەك هەمیشە كە لە هەوڵی پێكەوەبوونی كورد دەترسێ جارێكی تر ترساند بە جورێك كە پۆلیسی دژە شۆڕش بە دەیان جار زیاتر لە هێزی خزمەتگوزاری لە ناوچەدا دەبینرێت. ئەو بەو خاوەن دەركەوتنە هەموو هەوڵی چل ساڵەی دوژمن بۆ جیاكردنەوەی كرماشان لە جەستەی كوردستانی وەك دیواری سەر بەفر بە سەریان دا ڕووخاند. سەلماندی خاكی نیشتمان بە فریوی ڕێوی و كەمتیار خسلەتان جیا نابێتەوە بەڵكو كرماشان و ئیلام خودی كوردستانەو كوردستان لە كوردستان جیا ناكرێتەوە.

# شایی و شینمان لەگەڵتان نییە

کەریم پەرویزی

لە وڵاتی ئێراندا نەک هەر تەنیا یەک نەتەوە ناژین، بەڵکوو نەتەوەکانیش دابەش بوون بە سەر دووبەرەی دەسەڵاتدار و ستەملێکراودا.

لە وەتەی سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی لە ئێراندا دامەزراوە، ژیانی پێشووی نەتەوەکانی نیشتەجێی جوغرافیای ئێران بەتەواوی ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە و ئەگەر پێشتر تەنیا شەڕی دەسەڵاتی نێو نەتەوە و عەشایر و گرووپەکان ڕوویان دەدا و هەوڵی پاکتاوی نەتەوەیی نەدەدرا، بەڵام لە دەسپێکی سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی، لە هاتنە سەرکاری ڕەزاخان بەملاوە، پێناسەی یەک نەتەوە و یەک وڵاتی بەسەر ئێراندا سەپێنرا و تا ئێستاش هەمان پێناسە، سیاسەت و ستراتێژی و ڕوانگەی سیستمی حکومەتداریی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهیە.

بۆیە هەر دوو قۆناغی پەهلەوی و ویلایەتی فەقیهی وەکوو یەک سیستم باس دەکەین، چوونکە دوو ڕووی سیستمێکن کە لە دوو قۆناخی زەمەنیدا حکومەتیان کردووە و یەکتریان کامڵ کردووە و دەرکەوتەی هەردوو قۆناغەکە، یەک شت بوو بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان، ئەویش سڕینەوە و ستەمکاری بووە.

ئەم سیستمە وەها لە نێو کەلتوور و ژیانی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی حاکمیشدا ڕۆچووە کە دووبارە و دووبارە باڵادەستیی نەتەوەیەک و سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی یەکدی بەرهەم دێننەوە و ناهێڵن یەکیان ڕوو لە کزی بدا!

بە کورتی و بە سانایی، ئەوەی ڕووی داوە، لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا، ئێران بە تەواوی دابەش کراوە و هێڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لێکیان جیا دەکاتەوە.

لەو کاتەدا کە لە شارە ناوەندییەکان و لە نێو ڕەوتە سیاسییەکانی سەر بە نەتەوەی باڵادەست کە نەتەوەی فارسە، شتێک ڕوو دەدا، ئەو ڕووداوە کەمترین کاریگەریی لە سەر خەڵکی نەتەوە ستەملێکراوەکان هەیە. بۆ وێنە لە ساڵی ١٣٨٨دا ڕووداوەکانی بەناو بزووتنەوەی سەوز لە نێو نەتەوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورددا دەنگدانەوە وکاریگەریی نەبوو.

لەو لاشەوە کاتێک کە لە نێو نەتەوە ستەملێکراوەکاندا بۆ وێنە لە نێو عەرەبەکانی ئەحواز و بەلووچەکاندا بزووتنەوە و نارەزایەتییەک دێتە ئاراوە، نەتەوەی فارس ئەگەر حەزیان لە هەرچی زووتر سەرکوت کردنیشی نەبێ، زۆر گوێی پێ نادەن و وەدوای ڕووداوەکانیشی ناکەون.

لە تازەترین نموونەکانی لە کوردستاندا کە چاو لێ بکەین چەند ڕووداو لە ئاستی نەتەوەیی لە کوردستان هاتنە ئاراوە و دوو ڕووی دراوێک بوون، یەکەمیان شایی و ئەویتریان شین. بەڵام ئەو ڕوداوانە لە نێو کورد و لە نێو فارسدا کە هەڵیان دەسەنگێنین، ڕەنگە بگەینە ئەو قەناعەتە کە خوداشمان هاوبەش نەبێ!

لە هاوینی ئەمساڵدا کەشی سیاسیی ناوچە زۆر گەرم بوو و کوردستانی عێراق دەیهەویست ڕێفراندۆم بەڕێوە ببا و بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا. لە ئێراندا وێڕای حکومەتی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی، نەتەوەی باڵادەستیش بە دژی ئەو ڕێفراندۆمە وەستانەوە و هەر لە سەرەتاوە بە دژی هەڵوێستیان گرت و حکوومەت هەڕەشەی سیاسی کرد و بەناو ڕووناکبیر و خوێندەوارەکانی فارسیش سووکایەتییان بە چارەنووسی کورد دەکرد و بە ئامرازی دەستی بیانی ناویان دەبردن و هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە ڕێفراندۆم بەڕێوە نەچێ! خەڵکی کوردیش لە ڕۆژهەڵات هەموو دڵەڕاوکێکەیان ئەوە بوو کە نەکاو شتێک ڕوبدا و ئەو ڕێفراندۆمە پەکی بکەوێ!

کە ڕێفراندۆمیش کرا زۆرمان نەگوتوە گەر بڵێین کورد لە ڕۆژهەڵات زۆرتر لە باشوور شاییان بۆ گێڕا و سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهیش هەم کوردەکانی دەستبەسەر کرد و هەم پیلانی بۆ لەباربردنی ڕێفراندۆم گێڕا. لە نێو نەتەوەی فارسیشدا کەم نەبوون ئەوانەی کە هاتوهاواریان بوو کە هەرچی زووتر ئەو هەنگاوەی کوردستان پەکی بخرێ! بە ڕووداوەکانی کەرکووکیشدا کوردانی ڕۆژهەڵات خەمبار و تاسەبار بوون و حکوومەتی تاران و بەشێکی زۆری نەتەوەی حاکم خۆشحاڵ بوون و شاییان دەگێڕا!

ڕۆژی ٢١ی خەزەڵوەریش لە بەشێکی گەورەی کوردستان واتە کرماشان بوومەلەرزە لێی دا و کارەساتێکی گەورە بەسەر نەتەوەی کورددا هات. لەم کارەساتە گەورەیەدا هەم سیستمی حاکم لە تاران و هەم نەتەوەی باڵادەست کەمتەرخەم بوون بەرامبەری و زۆریان بەلاوە گرینگ نەبوو کە کوردی هەژار ماڵی وێران بووە.

بەڵام ئەم کارەساتە گەورەیە لە کوردستاندا بوو بە هۆکارێک کە لە هەموو شار و گوندەکانی کوردستانەوە دەست کرا بە یارمەتی کۆکردنەوە بۆ هاونیشتمان و هاونەتەوەییە بەلالێدراوەکانیان.

پێم وابێ زۆرمان نەگوتووە گەر بڵێین لە سەرتاسەری کوردستاندا شار و گوند و گەڕەک و ماڵ نەماوە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان یارمەتیی بۆ کوردانی تووشی کارەسات بوو کۆ نەکردبێتەوە، کەچی حکومەتی تاڵانچی و تاوانباری تاران و دەزگای سەرکوتکاری تەماحیان لەو یارمەتیانەی ئەو خەڵکەش کردووە و لە زۆر شوێندا سوپای تێرۆریستیی پاسداران دەستیان بەسەر یارمەتیەکاندا گرتوە و بۆ شوێنی نادیاریان گواستۆتەوە.

کارەساتی بوومەلەرزە لە کوردستان بوو بە هۆکارێک بۆ لێکنزیکبوونەوەی زیاتری نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات و بە هەموو تواناوە نیشانیان دایەوە کە ئاستی وشیاریی نەتەوەییان تا چ ڕادەیەک بەرزە و ئیرادەیان چەند قایم و بڵیندە کە چاوی کز و کوێری سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی توانای بینینی نیە.

لەم چەند ساڵەی دواییشدا کە خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵات چۆتە قۆناغێکی دیکەوە و ڕاسانی ڕۆژهەڵات هەنگاوی گەورەی هەڵگرتوە و گۆڕەپانی سیاسی دووبارە دادەڕێژێتەوە، سیستمی حاکمی تاران هەم ترسی لێ نیشتوە وهەم هەڕەشە دەکا و پیلانی بەدژ دەگێڕێ و لە نێو ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی سەر بە نەتەوەی باڵادەستیشدا کەم نەبوون ئەوانەی کە هەڵوێستیان دژ بە ڕاسان هاوتەریبی هەڵوێستی ڕێژیمی تاران بوو.

نەتەوەی کوردیش بە پێشوازیەکی بێوێنەوە بەرەوڕووی ڕاسان بوونەوە و هیوای گەیشتن بە لووتکەیان تێدا گەشەی کردەوە.

کۆی ئەم ڕووداوانە دەمان گەیەنێتە ئەو ڕاستیەی کە لە نێو جوغرافیای ئێراندا هەرچەند سیستمی حاکم دەیهەوێ وا نیشان بدا کە یەک نەتەوە دەژیت و ئەوانیتر هەندێک "وردە فەرهەنگ"ن، بەڵام نە شاییمان و نە شینیشمان پێکەوە نیە و ڕەنگە بە زۆری چەک و جبەخانە خاکمان داگیر کرابێ، بەڵام چەند نەتەوەی جیاوازین و تەنیا کاتێک دەکرێ لە نێو یەک سیستمدا پێکەوە بە ئاسوودەیی بژین کە سیستمێکی هاوبەش بێ و پێناسەی یەکسان و هاوتامان لەو سیستمەدا بۆ کرابێ، دەنا بە درێژەکێشانی سیستمی پەهلەوی- ویلایەتی فەقیهی، ئەوە بوومەلەرزەش سنووری لە نێوانماندا کێشا.



# کرماشان جارێکی تر ڕۆحی برایەتی لە کوردستان بەرز کردەوە




شەماڵ تەرغیبی

پاش بوومەلەرزە سامناکەکەی شەوی یەکشەممە ٢١ی خەزەڵوەر لە پارێزگای کرماشان کە بەهۆیەوە زیاتر لە ٨ هەزار کەس بریندار بوون و سەدان کەسیش گیانیان لەدەستدا، گەلی کورد جارێکی دیکە سەلماندیان کە پشتوپەنای یەکترن و وەک کارەساتێکی نەتەوەیی سەیری ڕووداوەکەیان کرد.

پاش ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە کە لە باشووری زاگرۆس ڕوویدا، کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤانە بە کۆکردنەوەی هاوکاری بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە، لوتکەی هەڵوێستی ئینسانی و نەتەوەیی خۆیان سەلماندەوە.

بەپێی دوایین زانیارییەکان، سەرەڕای ئاستەنگ درووست کردنی هێزەکانی ڕێژیم بۆ گواستنەوەی کەلوپەلە کۆکراوەکان و هەوڵدانی بەرپرسانی ڕێژیم بۆ بەتاڵان بردنی یارمەتییە کۆکراوەکان، دەنگی هاواری لێقەوماوانی کرماشان لە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ورمێوە تاکوو لۆڕستان، دەنگی داوەتەوە و ورد و درشت هاوکاری کۆدەکەنەوە.

هەر لەمبارەوە چەندین چالاکی جێگەی سەرنج بۆ کۆکردنەوە و گەیاندنی یارمەتییە مرۆڤدۆستانەکان لە شارەکانی وەک مەریوان، سەقز، کامیاران، سنە، مەهاباد و چەندین شاری دیکەی کوردستان ئەنجام دراوە؛ بۆ وێنە ئەنجومەنە خەڵکییەکانی شاری مەریوان لە ڕاگەیەندراوێکدا کەمپینێکیان لە ژێر ناوی "وەتەن چاوی لێمانە" بۆ یارمەتی گەیاندن بە لێقەوماوانی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان ڕێکخست. هەروەها تیپی مۆسیقای نەکەرۆز بە سەرپەرستی مامۆستا عەلی عابدی موزیسیەنی کورد لە شاری سەقز، گرووپی کۆکردنەوەی "یارمەتی بۆ کرماشان"یان ساز کردووە و داوایان لە کوردانی هەموو جیهان کردووە کە وێڕای بەشداری لەم گرووپەدا، یارمەتییە ماڵییەکانیان ڕادەستی ئەم ناوەندە بکەن تاکوو لە ڕێگەی ئەوانەوە بە ئەمانەتدارییەوە بگەیەنرێتە دەستی لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە.

ئەم هەوڵە جێگەی ستایشانەی خەڵکی کوردستان لە کاتێکدان کە وەک چالاکانی مەدەنی کورد لە کرماشان و ناوچەکانی دیکەوە باسی دەکەن، ڕێژیم لە هەوڵی کەلکاژۆوەرگرتن لەم هەلومەرجە نالەبارەیە.

یەکێک لە چالاکانی کرماشانی لەمبارەوە لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیدا نووسیویەتی: گەیاندنی یارمەتی بە گوندەکانی دەوروبەری دالاهۆ و گاوارە لەوانەش گوندەکانی گۆراجووب، زاوەڵە، گزن و باوەیادگار، هەڵاواردنی نەتەوەیی و مەزهەبی پێوە دیارە و هێزەکانی سپای پاسداران ڕێگریان لە گەیاندنی یارمەتی بە لێقەوماوانی گوندە یارساننشینەکان کردووە.

هەروەها بەپێی ئەم هەواڵانە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران یارمەتی و هاوکارییەکانی خەڵک کە لە لایەن خەڵکەوە بۆ لێقەومانی بوومەلەرزەی کرماشان کۆکراوەتەوە دەستی بەسەر دادەگرن و بۆ خۆیانی دەبەن.

ئەو کردەوە نامرۆڤانەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە کاتێک دایە کە خەڵکی کوردستان لە بواری ژیان و دۆخی ئابوورییەوە لە دۆخێکی نالەباردا ژیان دەکەن و بژیوی ژیانیان بە سەختی دابین دەکەن.

دوایین زانیارییەکان باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی ڕێژیم لە ئیدارەی هیلالی ئەحمەر دەست بەسەر ئەو یارمەتی و شتومەکانە دەگرن کە لە لایەن خەڵکی ئاسایی کوردستانەوە بۆ یارمەتی گەیاندن بە بوومەلەرزە لێدراوانی کرماشان کۆکراونەتەوە و دەیانهەوێ بەناوی ڕێژیمەوە ڕادەستی زیانلێکەوتووانی کرماشانی بکەن.

بۆ نموونە ڕۆژی هەینی لە ناوچەی قوتور سەر بە شارستانی خۆی لە پارێزگای ورمێ، خەڵک خۆبەخشانە ٣٥ تۆن یارمەتی بە بەهای ماددی نزیک بە ٥٠٠ میلیۆن تمەنیان بۆ هاووڵاتیەکانیان لە کرماشان کۆ کردووەتەوە کە سپای پاسداران دەستی بە سەر داگرتووە و نە دراوە بە خاوەنەکانیان و نە نێردراوە بۆ کرماشان.

هەروەها دەستیشی کردووە بە گرتنی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاوانی یارمەتیدان بە هاونیشتمانیانیان، بۆ نموونە ڕۆژی پێنجشەمە ئارەش فەرهادی خەڵکی شاری سنە لە لایەن وزارەتی ئیتلاعات بە تاوانی یارمەتیدان بۆ لێقەوماوانی کرماشان دەستبەسەر کراوە.

گاڵتەجارتر لە هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە بەوتەی "حیشمەتوڵا فەلاحەت پیشە" بەناو نوێنەری شائاباد لە مەجلیسی ڕێژیم بانکەکانی حکومەت بە "ئێس‌ئێم‌ئێس" خەڵکی لێقەوماوی پارێزگای کرماشانیان ئاگادار کردۆتەوە کە دەبێ قەرزەکانی مەسکەنی مێهر بدەنەوە.

بە وتەی خەڵکی خۆجێی و شایەتحاڵانی ئەو ناوچانەی کە زیانی ماڵی و گیانییان بەرکەوتووە، دامودەزگا و ئۆرگانەکانی پێوەندیدار لەو پەڕی کەمتەرخەمیدا بەرامبەر بەم ڕووداوە جووڵاونەتەوە و نە تەنیا کەمترین هاوکاری و یارمەتییان بە خەڵکی ناوچە زیان بەرکەوتووەکان نەگەیاندووە، بگرە کۆسپ و ڕێگریش بوون لە بەردەم هاوکاری ویارمەتی کردنی خەڵکی ناوچەکە؛ ئەمەش لەکاتێکدایە کە ڕێژیم بۆ بەناو یارمەتیدانی موسوڵمانەکانی میانمار، سووریە، فەلەستین و یەمەن و ئافریقا بە کەشتی و فڕۆکە لە بوودجەی تایبەت کەلوپەل دەنێرێت، بەڵام هیچ بوودجەیەکی تایبەت بۆ خەڵکی ئێران نییە و لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی لەم شێوەش کوردبوون بۆ خۆی دەبێتە تاوان.

# دانیشتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و چەند سەرنجێک



ئارش ساڵح

یەکێک لە ڕووەکانی هێزی نەرمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ئەو حیزبە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەکوو هێزێکی ڕێکخەر. دیارە حیزبی دێموکرات هەمووکات توانیویەتی لایەنە کاریگەرەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. ئەو کۆکردنەوەیە هەڵبەت زۆر گرینگە کە لەسەر چی بێت و چ ئاکامێکی لێ بکەوێتەوە و تا کوێ بەرەوە پێش بچێت. دیارە حیزبی دێموکرات لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان کۆ نەبۆتەوە کە سەنەدی ڕێژیمی سیاسی داهاتووی ئێران واژۆ بکات و لە نێو ئەو سەنەدەدا لە مافی بنەڕەتی گەلەکەی کە مافی دیاریکردنی چارەی خۆنووسینە خۆش بێت یان بڵێت کە من هەڵە دەکەم کە چەکم بەدەستەوەیە، بەڵکوو ئەو نزیک بوونەوە لەبەر ئەوە بووە کە دەنگی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی [ کە بەرز بوونەوە و سەرکەوتنی ئەو دەنگە زۆر لە بەرژەوەندی حیزب و گەلی کورد دایە] بەهێزتر ببێت.

بەڵام وتووێژ و کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە هەندێک بابەت دا زۆر جیاوازییەکی لەگەڵ قسەکردن لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دا نییە بەڵکوو لەوانەشە خەساری زۆرتر بێت؛ بۆیە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نزیکبوونەوە پێویستە چەند خاڵ بەم شێوەی خوارەوە لە بیر نەکرێن.

هەندێک لەو کەسانەی کە ئەمڕۆ خۆیان لە هەیبەتی ڕێبەرێکی کورددا دەبینن پێیان وایە کە بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسی و بوون بە کەسایەتییەکی ئێرانی (لەبەرامبەر کەسایەتی لۆکاڵی کە ئەوان کەسایەتییەکی کورد بەوچەشنە دەبینن) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە هێزە ئێرانییەکان یان فارسەکان بۆیان چەپڵە لێ بدەن و فارس وتەنی "بەبە" و "چەچە" یان بۆ بکەن. ئەوان پێیان وایە ئەوەی دوکتور قاسملووی، گەورە کردووە ئەوە بووە کە پێگەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا بەهێز بووە کەچی ئەوان لەوە تێناگەن کە ئەوەی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا پێگەی بە دوکتور قاسملوو داوە، کەسایەتی بەهێز و بە پرەنسیپی دوکتور قاسملوو بوو کە سەرەڕای ئەوەی گوێی بۆ هەموو کەس دەگرت و ئاراستەیێکی پراگماتیستی هەبوو بەڵام هیچکات لە پرەنسیپەکانی خۆی، لە مافەکانی نەتەوەکەی و لە ئامانجەکانی لە پێناو هیچ "بەبە و چەچە"هێکدا خۆش نەدەبوو. ئەو کەسایەتییەک بوو کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تەسلیم نەبوون بوو. ئەگەرچی داوای وتووێژی دەکرد و لەو سەردەمەدا بۆ ئەو ئاراستەیە هێرشی دەکرایە سەر، بەڵام ڕێبەرێک بوو کە هیچ کات لە سەر مافی چارەی خۆنووسین خۆش نەبوو، ڕێبەرێک بوو کە هیچ کات مافی بەرگری چەکدارانەی گەلەکەی لە هیچ وتارێک و لە هیچ ڕێکەوتنێکدا ڕەت نەکردەوە.

بۆ لایەنی سەرکوتکەر و دەسەڵاتدار لە ئێراندا یەک شت هێڵی سوورە ئەویش مافی بەرگری چەکدارانەی گەلی ژێردەستە. ئەوان ئامادەن ئێمە وەکوو نەتەوە یان هەرشتێک کە پێمان خۆش بێت ناو ببەن، ئامادەن بڵێین لە هەموو شتێکدا ئێمە ڕاست دەکەین بەڵام ئامادە نین قائیل بەوە بن کە خاوەنی هێزی چەکداری بین؛ لەبەر ئەوەی زۆر بە باشی دەزانن ئەوەیکە کۆتایی بە ژێردەستی ئێمە و سەردەستی ئەوان دێنێت هێزی چەکداری و بەرگری چەکدارانەی ئێمەیە نەک دووپات و هەزارپات کردنەوەی ئەوەی کە کورد ڕاست دەکات.

لەلایەکەوە دەبێت وریا بین کە وتووێژ و نزیک بوونەوە جێگرەوەی چالاکی نییە. بۆ هەندێک لایەن کە دەبینن هیچ مەوادێکی چالاکیان لە پانتایی سیاسەت بۆ نەماوەتە و تووشی قەیرانی قووڵ لەو زەمینەیەدا بوون تەنیا ڕێگا ئەم چەشنە چالاکیانەیە کە زیاتر دەکەونە خانەی چالاکی میدیایی تا دیپلۆماسی. هەندێک لایەن لەبەر ئەوەی کە توانایی بەرهەمهێنانەوەی سەرچاوە مرۆیی و ماددیەکانیان نەماوە، توانایی ئەکتی جیدیان نیە؛ ئەمە وای لەو لایەنانە کردووە کە بۆ ئەوەی پاساوێکی سایکۆلۆژیکیان بۆ خۆیان هەبێت یان بۆ ئەوەی بوونیان بە تەواوەتی تووشی لەبیرچوون نەکرێت هەوڵی ئەوە دەدەن کە بوونێکی میدیاییان هەبێت. ئەم کردەوانە زیاتر لە چوارچێوەی هەوڵێکی تاکتیکی بۆ مانەوییێکی میدیایی تێپەڕ نابن لەبەر ئەوەی ئەم کردەوانە بۆ وێنە داوای یەکگرتنخوازانە لە زاتی خۆیدا دژایەتی هەیە لەگەڵ فەلسەفەی بوونی کەسانێک کە لە ئێنشێعاب و جیابوونەوە سەرچاوەی گرتووە. لە حاڵەتی لاوازیدا هەوڵ بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەبێتە مەترسی و دەتوانێ ئاکامی باشی لێ نەکەوێتەوە؛ نەک لەبەر ئەوەی بمانهەوێ ڕێبەرایەتی هیچ لایەنێک بەو شتانە تۆمەتبار بکەین بەڵکوو لەبەر ئەوەی نزیکبوونەوەیەک کە لە سۆنگەیێکی ئاوا لاواز و لە سەر بنەمایێکی ئاوا لەرزۆک بنیات بنرێت "ئاسیبپەزیری" لایەنی کوردی لە هەمبەر دەستێوەردانی لایەنی ناوەند زۆرتر دەکات.

بابەتێکی تری جێی سەرنج لە نزیک بوونەوەی ئۆپۆزسیۆنی کورد بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە ڕاستیدا دۆزینەوەی ئەو لایەنانە نیە کە دەبێت لەگەڵیان دابنیشرێت. بە داخەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا مەیلی لە ڕادەبەدەری لایەنی کوردی بۆ ئیزۆلە کردنی خۆی و مەودا گرتنی لەگەڵ ئێران و بابەتەکانی ئێران، وای کردووە کە ناسینی ئێمە بە نیسبەت هێزو لایەنە جیاوازەکانی ئێران ناسینێکی ناتەواو بێت. هەندێک لە لایەنە کوردییەکان ناتوانن تەشخیسی ئەوە بدەن کە کام هێز لە ئێراندا وەکوو هێزێکی جیددی دێتە ئەژمار و کام هێز هەر نایێتە ئەژمار. دنیای ئەمڕۆی ئێران دەیەی شەست نییە کە فڵان کۆمیدیەن وەکوو ئوپۆزسیون بێتە بەرچاو. بە داخەوە ئەمڕۆ بەشێک لە لایەنە کوردییەکان ناتوانن لەوە تێبگەن کە کەس یان لایەنێک کە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بە دەیان جار هەڵوێستە بنەڕەتییەکانی خۆی لە ناوبردنی خامنەیی وەکوو "امام" تا گۆڕینی ڕێژیم گۆڕدراوە لەگەڵ چەمکی ئۆپۆزسیۆنی جیددی ئاسمان و زەوی جیاوازیان هەیە. ئەو لایەنە کوردیانە، کە بە دوای هەبوون لە نێو ڕاگەیاندنەکاندان، بۆ ئەو مەبەستە، ئەکتەر و ئێستەنداپ کۆمیدیەنی نێو پانتایی سیاسی وتەنانەت نێو تیاترەکان بە باشتر و بە سوودتر دەزانن لە ئۆپۆزیسیۆنی جیددی و خاوەن پێکهاتە.

بابەتێکی تری گرینگ لەو پێوەندیەدا هەڵدەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی ئەو کانتێکستە سیاسیەی کە دەیانهەوێ دەقە واژۆکراوەکەی تێدا بخولقێنن و هەروەها نەزانین بە پێوەندی نێوان ئەو دەقە و ئەو کانتێکستە. ئۆپۆزسیۆنێک کە تەنیا دەتوانێت ئەکتی سیاسی و ئاگایی بەخشی خۆی لە ڕاگەیاندندا ببینێتەوە کاتێک لەگەڵ لاوازترین و ناجیددیترین بەشی ئۆپۆزیسیۆنی فارس ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بە ناوی ڕێککەوتن دەقێک قبووڵ دەکات کە لە کانتێکستی ئەمڕۆی ئێمەدا کۆمێدیایێکی تراژیکە کە ڕەنگە جارێ قووڵاییەکەی هەست پێ نەکرێ. لایەنێک کە کەمترین پێگەی لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا نییە و هیچ ئەکتێکی ئەوان ناتوانێت نە لە لایەن دەسەڵاتەوە و نە لەلایەن خەڵکەوە و نە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنی ترەوە جیددی بگیردرێت لەو دەقەدا بە بەکارهێنانی لێڵ و ناڕوونی هەندێ وشە - کە هیچ شتێک بۆ منی کورد لە لایەن دەسەڵاتداری ئێران ناگۆڕێت - لایەنی کوردی هان دەدا لەگەڵ چەند لایەنێکی تری نەتەوەکانی تر، پاشەکشە لە پرەنسیپەکانی ئەو نەتەوانە بکەن و ئامادەش بن کە ئەو دەقە بهێننەوە بۆ نێو گەلەکەیان کە بۆ خەڵکی تیۆریزە بکەن.

لەم پێوەندیەدا جێگای دوو پرسیار خاڵیە، یەکەمیان ئەوەیە کە سەردەمێک کە کۆماری ئیسلامی لەسەر جێگەی خۆیەتی و ئامانجێکی نزیکتر و بەسوودتر لەبەر دەستدایە، پرژان لەسەر ئەو بابەتانەی کە لایەنە کوردییەکانی تێدا ناچار بە پاشەکشە دەکات لەسەر کام بنەما و کام ئاوەز پەسەند دەکرێت؟ باشترین تاکتیک و ئاراستەی لایەنی کوردی لە هەر وتووێژ و نزیک بوونەوەیێک لەگەڵ لایەنی ئێرانی فارس، پێویستە لەسەر یەک خاڵ بکرێت ئەویش ڕووخانی کۆماری ئیسلامیە. زۆر ئاشکرایە کە لەم هەلەدا کە کورد کەمترین هێزی هەیە ناچار بە پاشەکشە لەزۆر شتدا دەبێت کەچی تەرکیز کردن لەسەر ڕووخانی ڕێژیم و پەرەپێدانی ئەو باسە لە ڕێگەی چەند چەمکێکەوە و لەو پرۆژەی دانوستان و نزیک کەوتنەوانەدا، نەتەنیا هەڵگری هیچ پاشەکشەیێک نییە بەڵکوو ئەگەر سەرکەوتوو بێت دەتوانێت بەرهەمهێنەری جۆرە بۆشاییك بێت کە لە ناویدا هێزی لایەنی کوردی زیاد دەکات. بەڵام لایەنی وەها کە ئەم پاشەکەشە قبووڵ دەکەن گوێی خۆیان لەو ڕاستییە داخستووە کە تەنەزولێک کە ئێستە دەکرێت نەتەنیا مۆراڵی نەتەوە دەشکێنێت بەڵکوو دەتوانێت لە داهاتوودا و لەبەرچاوی دنیا و یاساوە ئیلزامهێنەر بێت. دیارە لەبەر ئەوەیکە ئێمە بە هۆکاری کەلتووری ناتوانین گرینگی یاسا و بەڵێن و ڕێککەوتن هەست پێ بکەین، ئەگەری ئەوە زۆرە وەک باشوور بەشدار بین لە پتەوکردنی نەزمێکی حقوقی-سیاسی کە دواتر خۆی ببێتە هۆی سەرکوتمان.

باسێکی تر کە وردبوونەوەی لەسەر دەوێت ئەوەیە کە بۆچی لە سەردەمێکدا کە سەرکۆماری ئێران باسی دێموکراسی و مەردۆمسالاری دەکات خواستی ئۆپۆزسیۆنیش هەرهەمان شتە؟ سەردەمێک دروشمی دێموکراسی هەڵگری واتایەکی ڕووخێنەر بوو لەبەر ئەوەی گوتاری سیاسی زاڵ بەسەر ئێران خۆی ئەو قەرارەی دابوو کە چەمکی دێموکراسی وەکوو چەمکێکی ڕووخێنەر پێناسە بکات کەچی ئێستا خامنەیی و ڕوحانیش هەر هەمان داوایان هەیە. بۆیە هەڵگرتنی درووشمێکی ئاوا کە هەرکام لە لایەنەکان دەتوانن هەزارو یەک تەفسیری جیای لێ بکەن بۆ تێمی سەرەکی دانیشتنی ئوپوزسیون ناتوانێ دەستەبەری مافەکان بێ، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەوەیکە ئۆپۆزسیۆن واتای دەکات وعەینیەتی پێ دەبەخشێت هەڵگرتنی خواستی ڕووخێنەرە.

پرسیاری تر ئەوەیە کە کورد بۆ دەبێت لە پێناو هەندێک خاڵدا تەنەزول بکات کە ئێستاش بەشێکی بەرچاویان بە زمانێکی تر لە نێو یاسای بنەڕەتی ئێراندا هەن؟ دەبێت وریا بین کە زۆرێک لەو شتانەی کە بە وشەی جوان دەنووسرێن چ لە بواری کردەوە و چ لە بواری واتای پشتی ئەوان جیاوازییەکیان لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە نێو ئوسولی یاسای بنەڕەتی ئێران هێنراون نییە. ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و فارس خەریکە هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە هەندێک دانیشتن و بەیانیەدا لەگەڵ هەندێک لایەنی کورد، ئوستانەکان و کارکرد و دەسەڵاتیان بە ناوی فیدراڵیزمەوە بەو لایەنە کوردیانە بفرۆشن.

عەلی ئەشرەف مورادی:

# ئەو ڕێژیمە، کارەساتەکانیش بە دەرفەتێک بۆ سەرکوت، چەوساندنەوە و تۆڵەئەستاندنەوە لەو گەلە مافخوازە دەزانێ



عەلی ئەشرەف مەجیدی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

**لە پێوەندی لەگەڵ زەویلەرزەی پارێزگای کرماشاندا، بەرێزعەلی ئەشرەف مەجیدی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وڵامی چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی کوردستانی داوەتەوە کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین:**

و: سەلیم زەنجیری

**● سەرەتا پێتان وایە کە زەویلەرزەی کرماشان ڕووداوێکی سرووشتی بووە یان ناسروشتی؟**

هەرچەند ئێمە و هەموو خەڵکی کوردستان ئازیەتبارین، بەڵام سەرەخۆشی لە کەس و کاری قوربانیانی کارەساتی زەویلەرزەی پارێزگای کرماشان و باشووری کوردستان دەکەم و هیوای چاکبوونەوەی خێراش بۆ برینداران دەخوازم.

ئەو زەویلەرزەیە کە پانتاییەکی زۆری هەبوو و لە کرماشانەوە دەستی پێکرد و گەیشتە ڕوانسەر، جوانرۆ و سەلاس و بەرەو دەشتی زەهاو و سەرپێل و داڵەهۆ ڕۆیشت، کە بە داخەوە زۆر گەورە، بەهێز و خەسارەتبار بوو، ئەگەر سرووشتی بێت یان ناسرووشتی بەو شێوەیەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا باسی لێوە دەکرێت کە خەڵک ڕووناکاییان بینیوە و بە هۆکاری تاقیکردنەوەی چەکی ناوکی، مووشەکی یان "هارپ"ی دەزانن، هێشتا بە ڕوونی دیار نییە و داهاتوو هەموو شتێك ڕوون دەکاتەوە، هەرچەند ئەو ژینگە ئەمنییەتیەی بە تایبەت لە ناوچەی ئەزگلە لەلایە ن ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێت و تا ئێستاش ناهێڵێت هیچ ڕاگەیاندن و میدیاکارێك بچێتە ئەو ناوچەیە و لە ژێر کونترۆڵی سپای پاسداراندایە، شك و گومانی زۆری لای خەڵك دروست کردووە و ڕەنگە لە داهاتوودا ئەمە روون ببێتەوە.

**● ئایا دەوڵەت و حکوومەت بە ئەرک و بەرپرسایەتیان لە هەمبەر ئەو کارەساتە و لێقەوماوانیدا هەستاون؟**

ڕێژیم و حکوومەتێك کە هی خەڵك نەبێت و خۆی بە خەڵکی نەزانێت، خەڵکیش هیچ چاوەڕوانیەکیان لێی نابێ. ڕێژیم نە تەنیا یارمەتی خەڵکی لێقەوماوی نەکردووە، بەڵکوو بەربەستی زۆری بو ئەو خۆبەخشانەش درووست کردووە کە دەیانەوێت یارمەتی خەڵك بکەن. لە زۆر شوێن بەرپرسانی ڕێژیم هاوکارییەکانی خەڵکیان بە تاڵان بردووە و هەروەها لە زۆر شوێنی دیکەش ئیداراتی دەوڵەتی ویستوویانە دەست بە سەر یارمەتی خەڵکیدا بگرن و بە ناوی خۆیانەوە، بەشێکی بە خەڵك ببەخشن. حکوومەت ژیان و ماڵ و حاڵی خەڵکی ئێران و بە تایبەتیتر خەڵکی کوردستانی بەلاوە گرینگ نیە و ئەو بەرپرسایەتیەی لە بەرانبەر ڕێکخراوە تیرۆریستیەکانی ناوچە و هەروەها خەڵکی لوبنان، فەلەستین و ... هەیەتی، یەک لە سەدی ئەمەی لە بەرانبەر خەڵکی ئێران و بە تایبەتی کوردستاندا نیەتی.

**● هۆکارەکە لە چیدا دەبینن کە ڕێژیم خۆی لە یارمەتیدانی خەڵکی ئەو ناوچەیە دەدزێتەوە؟**

بە گشتی حکوومەت چاوی بە گەلی کورد و خاکی کوردستان هەڵ نایەت، بەڵام ئەم ناوچەیە بیرەوەری زۆر تاڵ و ناخۆشی بۆ ڕێژیم هەیە. بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی و رزگاریخوازانەی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەی زلزلەلێدراو بە گشتی و داڵەهۆ بە تایبەتی بووە. تەنیا ناوبانگی هێزی داڵەهۆ بەسە بۆ ڕق و قینی ڕێژیم لەم ناوچەیە. شتێکی دیکەش کە لەم کات و ساتەدا جیا لە بەشە سیاسییەکەی کە باسمان کرد و ناتوانین چاوپۆشی لێ بکەین، بواری ئابووری ڕێژیمە کە لە خراپترین دۆخی خۆیدایە. وێڕای پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوت و قات و قڕی و برسیکردنی خەڵک، ئەوەندەی کە سەرفی بەهێزکردنی پێگەی لەشکریی خۆی دەکات، چەند قات زیاتریش لە دەرەوەدا خەرجی تێکدان و ئاژاوەگێڕی و ناسەقامگیری ناوچەکە و بردنە پێشی سیاسەتە شەڕئەنگێزییەکانی خۆی دەکات و ئەوەیکە بۆی گرینگ نییە، خەڵکی ئێران و بە تایبەتی گەلی کوردە کە ئاڵاهەڵگری خەبات و تێکۆشانی مافخوازی و ئازادیخوازی دژی ئەو ڕێژیمە نگریسە بووە لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. ئەو ڕێژیمە کارەساتەکانیش بە دەرفەتێک بۆ سەرکوت، چەوساندنەوە و تۆڵەئەستاندنەوە لەو گەلە مافخوازە دەزانێ.

**● بێجگە لەو خاڵانەی کە باستان کرد ڕێژیم وێڕای خۆبواردن لە یارمەتیدانی خەڵکی ئەو ناوچەیە بە گشتی، بەڵام سیاسەتێکی جیاواز و توندتر بە نیسبەت ناوچە یارسان نشینەکان گرتووەتە بەر، هۆکارەکەی لە چیدا دەبینن؟**

بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی لە باشوری ڕۆژهەڵات، داڵەهۆ و دەوروبەرییەتی، کە زۆربەیان سەر بە ئایینی یارسانن، کەواتە گەلی کورد لە چاوی ڕێژیم دا چەندە بێزراوە، هی یارسانەکان دووقاتە، چوونکە هەم کوردن، هەمیش ئایینیان یارسانە و جیاواز لە ئایینی فەرمی ڕێژیمە و بە کافریان دەزانن. هەڵاواردن بە نیسبەت کوردە یارسانییەکان شتێکی نوێ نییە و لە مێژە کە پەیڕەو دەکرێت. لەو پێوەندییەدا پێویستە بگوترێ کە نەتەنیا لە ناوچەی داڵەهۆ بەڵکوو لە ناوچەی هەرسین و سەحنەش، کوردە لەکە یارسانیەکانیش لە لایەن ڕێژیمەوە زۆر تووشی هەڵاواردن دەبن.

بۆچی ناوچەکە لە لایەن ڕێژیمەوە ئەمنییەتی کراوە و پێش بە ئاماری راست و گواستنەوەی زانیاری دروست گیراوە؟

لە کاتی ڕوودانی کارەساتێکی وەهادا، حکوومەتێکی بەرپرسیار، زۆر زوو بەدەم خەڵکەوە دەچێت و پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکات، بەڵام بۆ ڕێژیمێکی توتالیتێر و دژی گەلیی وەکوو ئەم ڕێژیمەی ئێران، بە هۆی ناڕەزایەتی سیاسیی و قەیرانی مەشروعیەتییەوە، درزێکی گەورە لە نێوان خەڵك و حکوومەت دروست بووە کە پێگە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی حکوومەت لە نێوان خەڵك نەماوە. لە حاڵەتێکی وەهادا کە ڕێژیم مەشروعیەتی نییە، خەڵکیش تووڕە، ناڕازی و برسی بن، کەس و کار و ماڵ و حاڵیان لە دەست دابێ، و حکوومەتێکیش نەبێ کە بە هانایانەوە بچێت، ئەو خەڵکە بەلەنگاز، بەڵام سەربەرزە وەکوو کوورەی ئاگرن و دە توانێت ڕق و قینیان بتەقێتەوە، بۆیە ناوچەکە ئەمنیەتی دەکرێت و لە جیاتی ئامبولانس، هێزی دژە شۆڕش دەنێردرێت بۆ ئەو ناوچەیە. هەروەها وەکوو شەڕی نەرم لە میدیاکانیەوە ژمارەی کوژراوان زۆر بە کەمی باس دەکات کە شتەکە بچووك دەربکەوێت، چونکە لە شۆڕشی خەڵك دەترسێت.

**● سەفەری ڕووحانی بۆ کرماشان و وادەکانی چۆن لێک دەدەنەوە؟**

نەتەنیا روحانی، بەڵکوو هیچ یەک لە کەسایەتییەکانی ڕێژیم و دەوڵەتە یەك لە دوای یەکەکانی ئێرانیش، لە کاتی خۆشی و ناخۆشیدا، هیچیان بۆ ناوچە کوردنشینەکان و بە تایبەتی ئەم ناوچەیە نەکردووە . روحانی کە ڕۆیشتە ناوچەکە، لە ئوتۆمبیلەکەی نەهاتە خوارەوە و ئەوەندە مرۆڤایەتی و جوامێری تێدا نەبوو کە ڕاستەوخۆ بچێتە نێو ئاپۆڕای خەڵکەوە و دڵنەواییان بداتەوە، ئینجا چۆن چاوەڕێ بین کارێك بۆ ئەو خەڵکە بکات. روحانی مامۆستای عەوامفەریبی و درۆیە. هەموو دنیا بیستی کە ڕووحانی ڕایگەیاند لە سەد ڕۆژدا ئابووری ئێران چاك دەکەم، بەڵام پاشان وتی نەمگوتووە! هەر لەو پێوەندییەدا، ئەو هەموو سەردارەی سپا کە هاتبوون، تاکە کاریان وێنەگرتنی سێڵفی بوو و بە شایەتی خەڵکی ناوچە، لە ڕۆژێکدا، چوار وەزیر و چەندین سەردار سەردانی یەک شوێنیان کردووە، تەنانەت یەک چادریان پێ نەبووە. واتە هەموو کەسانی سەر بە ڕێژیم و لە پێش هەموویان روحانی، تەنیا بۆ خۆدەرخستن و بەرژەوەندییە شەخسی و جیناحیەکانیەوە بوون و هیچ سودێکیان بۆ ئەو خەڵکە نەبووە. ئەگەر روحانی بوودجەی ٢٥٠٠ ملیارد تمەنی زەویلەرزە خە رج بکات، ئە و کاتە دەردەکەوێت وادی ئەم جارەی ڕاستە یان وەکوو پێشوو تەنیا درووشم و درۆیەکی بێ نێوەڕۆك وبێ‌بنەمایە.

**● ئەو حەماسەیەی لە لایەن خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ هاوکاریی خوشک و براکانیان کرا، چۆن دەبینی و هەڵگری چ پەیامێکە؟**

تا ٤٨ کاتژمێر دوای کارەساتەکە، دەوڵەت نەهاتە سەر خەت و دەیانەویست زۆر بە هێمنی و بێدەنگ، دەربازی بێت، بەڵام خەڵك بەهۆی تورە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو ویدیۆ و وێنانەی کە بڵاو دەکرانەوە، هاتنە خەت. هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای زەویلەرزەکە کە بە یەکێك لە دە زەویلەرزە بەهێزەکانی مێژووی ئێران هەژمار دەکرێت، خەڵکی بەشەرەفی کوردستان هەر لە ماکۆ و سەڵماسەوە تا وەکوو مێهران و دێهلۆڕان و لوڕستان هاتنە سەر خەت و بەڕاستی کارەساتی زەویلەرزەیان کردە حەماسەیێکی مێژوویی نەتەوەیی .بە سەدان کاروان بە هەزاران ئۆتۆمبیلەوە، لە شار و گوندی کوردستانەوە لە هەر چوار پارێزگا کوردنشینەکانەوە (ورمێ، سنە، ئیلام و کرماشان) و هەروەها لوڕستان و کوردەکانی خوراسانەوە، ڕوویان کردە ناوچەکە و یارمەتیی خەڵکیان کرد. دوای ئەم حەماسەیەی خوشك و برا کوردەکانمان بوو کە خەڵکی دیکەی ئێرانیش، تا ڕادەیەك یارمەتی خەڵکیان کرد و دەوڵەت کە چاوەڕوانی ئەم هاوخەمی و هاوسۆزییەی نەدەکرد، بۆ ئەوەی خۆی پیشان بدات، ویستی یارمەتییە خەڵکییەکان لە بازگەکاندا وەربگرێت و بە ناوی خۆیەوە بڵاوی بکاتە وە، بەڵام بۆی نەچووە سەر، خەڵك باوەڕیان بە دەوڵەت نییە و ڕاستەوخۆ خۆیان یارمەتییەکان دەدەنە برا و خوشکە لێقەوماوەکانیان . من پەیامی ئەم هەرەوەزیە، وە کوو هاوپەیمانی نەتەوەیی دەبینم، خەم و ئازارەکانمان یەکە، بۆ یەك دەژین و بۆ یەك دەمرین، خۆمان دەتوانین خۆمان رزگار بکەین.

**● وانەی هەرە گرینگ کە دەبێ کورد لە زەویلەرزەی کرماشان وەربگرێت، چییە؟**

ئەو کارەساتە وێڕای ئەوەیکە زۆر تاڵ و تراژێدیکە، بەڵام وانەی زۆری تێدایە و زۆر شتی فێر کردین کە لە یەکیەتی و یەکبوون دا دەتوانین بە سەر هەموو کۆسپە ئەستەمەکاندا زاڵ بین. بێجگە لە خۆمان نابێت چاوەڕوانی هیچ کەس و دەوڵەتێک بین. خەڵکی کوردستان زۆر فیداکار و ئەمەگناسە، لە پێناو دۆزی خۆیان و خوشک و براکانیاندا ئامادەی هەر چەشنە قوربانیدانێکن. پێشوازی لە کاروانە یارمەتیدەرەکان بۆ لێقەوماوانی کرماشان و هەروەها پێشوازیی بەرچاوی خەڵکی شارەکانی ڕوانسەر، کامیاران، سنە، سەقز، دیواندەرە، بۆکان و شارۆچکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە تەرمی پیرۆزی شەهید ئەبووبەکر مەعرووفی، نیشانەی ئەوپەڕی وشیاری و ڕێزگرتن لە نرخ و بەهاکانی ئەو میللەتەیە. ئەو کارەساتە نیشانی دا کە خەڵکی کوردستان چەندە بە نیسبەت دام و دەزگاکانی ڕێژیم بێ باوەڕن و چاوەڕوانییەکی ئەوتۆیان لەو ڕێژیمە دژی کوردەیان نییە. ئەو ڕووداوە وەبیرهێنەرەوەی ئەوەیە کە کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ چ نەخش و ڕۆڵێکی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا بگێڕێت. کرماشان دڵی ڕۆژهەڵاتە و سەربەرزە بە گەلە چەوساوە و لەخۆبردووەکەی خۆی.




شەق دەبەن و هەڵدەوەرن
هەنارە سوورەکانی باخی
حەق .
بە حەق، هەر حەق،
هەمیشە حەق شکاوە و
هەڵوەریوە .
سەرگۆنا بە پەنجەی شیوەن
دەڕنن
هەنجیرە نازدارەکانی
ئەهوورا،
بە ناحەق،
هەر بە ناحەق تاڵ کراوە
تامی حەق،
حەق !
مۆر ئەچڕێ و چەمەری دەژەنێ
ژێ بە ژێ و
پەردە پەردە
سازی ناسازی مەرگ .
بە حەقە و
هەر بە حەق زیندووە
تەموورەی بانگی
حەق .

فەرەیدوون ئەرشەدی

# دار و بەردی خۆشەویست



ئەم دار و بەردانەی
بەسەرمان دا
دەڕووخێن،
بەرد و داری
نیشتمانن .
سەدان جاریش
بمانکوژن،
پشت و پەناکەی
جارانن .

فەرەیدوون ئەرشەدی

## سپاسنامەی فەرهاد، بۆ خزمانی شیرینی خەمبار

(ئەم دەقە، شیعرە و هەم شیعریش نییە)

گورگی مەرگ بە دەوری دڵەکەی شیرین دا دەگەڕێ و
کەڵوە لە خشت و بەردی بێستوون بەرنادات .
سپاس بۆ هاتنی دوانزە سوارەی مەریوان،
بۆ شکۆی ئەربەبا و قامەتی بڵندی ئاویەر !
خەمبارە مانگەکەی ماهیدەشت،
سپاس بۆ شمشاڵی سەر ناڵە شکێنە .
دەواری ماڵباتی شیرینم لە باد و بارانا
خۆی ناگرێ،
سپاس بۆ تەناف و تەلیسی کۆڵبەران .
شاباڵی هەڵوەکی دالاهوو زامدارە،
سپاس بۆ ناردنی
مەڵهەمی سەر برینی بازەکەی کۆسالان .
تاریکە شەوگاری باوەجان ،
سپاس بۆ هاتنی ڕۆشنایی چوار چراو خەندەکەی سەراوی ڕوانسەر .
دەستە سپییەکانی ماهیدەشت
لە برسا دەلەرزن،
سپاس بۆ گەنمی دەشتەکانی لەیلاخ .
سپاس بۆ نمەکی دەریاچە تینووەکەی ورمێ و
ئاوەکەی خورخورە و چلچەمە .
سپاس بۆ نەخشی نێو قاڵییەکانی بیجار
کە نەیهێشت گوڵباخی زیندگی هەڵوەرێ.
شەکەت و ماندوون مەردانی جەمخانە،
سپاس بۆ پاڵتاکەی سەردەشت و
جگەرەی سەقز و
تووتنی شنۆیان .
سپاس ئەی یاوەرە ئاشقەکانی شیرین،
قوڵەنگی ئەوینی ئێوەیە
دەریایەک ئومێدی بەخشیوە بە دارنارنجەکانی قەسر و
بە باوەیادگار.
سپاس، ئەی خزمەکانی شیرین
سپاس .

فەرەیدوون ئەرشەدی

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:713 21 nov. 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# حەماسەی پاش کارەسات!











































